تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات


رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(6003) یەکشەممە 13ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی پەنجا و نۆ ساڵەی شۆڕشی ئەیلوول:

شۆڕشی ئەیلوول قوتابخانەیەک بوو بۆ پێگەیاندنی خەباتگێڕ و تێکۆشەرانی سەرتاسەری کوردستان

هەرچی دەستکەوت و خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان هەیە هەمووی بەرئەنجام و درێژکراوەی هێز و بەرفراوانیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە



سەرۆك بارزانی بەبۆنەی یادی 59 ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە 11ی ئەیلوولی 1961، پەیامێکی بڵاوکردەوە. سەرۆك بارزانی لە پەیامەکەیدا رایگەیاندووە «شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شۆڕشێکی سەرتاسەریی هەموو ناوچە جیاجاکانی کوردستان و گشت چین و تۆێژەکان و تێکڕای پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان بوو. هەرچی دەستکەوت و خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان لەو کاتەوە هەتا ئێستا هەیە هەموو بەرئەنجام و درێژکراوەی هێز و بەرفراوانیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە».

(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بۆ یادی (59) یەمین ساڵیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دۆزی رەوای گەلەکەمانی لە ئاستی لۆکاڵەوە بۆ ئاستە نێودەوڵەتییەکان گواستەوە

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یادی ٥٩ ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە: شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وەرچەرخانێکی تازەی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا دروستکرد و دۆزی ڕەوای گەلەکەمانی لە ئاستی لۆکاڵەوە بۆ ئاستە نێودەوڵەتییەکان گواستەوە. هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە: لە کاتێکدا، کە یادی پڕ شکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکەینەوە، جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەینەوە،

(دەقی بەیاننامەکە لە ل4 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی و مستەفا کازمی کۆبوونەوە

سەرۆک بارزانی: باسمان لە چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کرد

مستەفا کازمی: پێویستە هەماهەنگییەکی زیاتر لەنێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەدا هەبێت



ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو ١٠-٩-٢٠٢٠، سەرۆك بارزانی و مستەفا کازمی، سەرۆك وەزیرانی عێراق کۆبوونەوە و پەیوەندییەکانی نێوان هەوڵێر و بەغدایان تاوتوێ کرد. سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند، تاوتوێی خێراکردنی هەوڵەکانمان کردووە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان.

سەرۆك بارزانی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەردا، ڕایگەیاندووە «خۆشحاڵ بووم بە پێشوازیکردن لە مستەفا کازمی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و گفتوگۆکردن لەسەر دوا پێشهاتەکان. من و سەرۆکوەزیران هەروەها باسمان لە چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی کرد».

هەروەها بەگوێرەی میدیای فەرمی عێراقیشەوە، لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا کازمی ڕایگەیاندووە، پێویستە هەماهەنگییەکی زیاتر لەنێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەدا هەبێت. هەروەها ڕایگەیاندووە، پێویستە هەوڵێر و بەغدا لەسەر پرسەکان یەک هەڵوێست بن، جەختیشیکردووەتەوە، گفتوگۆکان لەچوارچێوەی دەستوور ئایندەیەکی باشتر بە عێراق دەبەخشێت.

بەم نزیکانە 85 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون تاپۆدەکرێن

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

دەزگای هەڵبژاردنی پارتی و یەکێتی لەبارەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق کۆبوونەوە

دوێنێ شەممە هەردوو دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری سلێمانی لە بارەی یاسای هەڵبژاردنی عێراق کۆبوونەوە، دوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان خستەڕوو، کە تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق.



3



ئەمەریکاییەکان یادی نۆزدەهەمین ساڵەی هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەر دەکەنەوە

ئەمەریکاییەکان نۆزدەهەمین ساڵیادی هێرشە تیرۆرستییەکانی 11 ی سێپتێمبەری ساڵی 2001 دەکەنەوە کە نزیکەی 3 هەزار کەس لە نیویۆرك، ڤێرجینیا و پێنسلڤانیا تیایدا کوژران.

13

یادێکی مەزن

سەلام عەبدوڵڵا

پەنجا و نۆ ساڵ لەمەوبەر، لە ئەنجامی ملهوڕی دەسەڵاتدارانی عێراقی ئەوکات و پیادەکردنی سیاسەتی نکۆڵیکردن لە مافەکانی گەلی کورد، کە بەپێی دەستووری کاتیی عێراقی دوای کودەتای (14)ی تەموزی ساڵی 1958، کە کوردی لە عێراقدا بە هاوبەشی عەرەب ناوزەد کردبوو، کەشوهەوایەکی ئەوتۆی بەرامبەر گەلەکەمان خوڵقاند کە بەناچاری بۆ داکۆکی لە خەڵک و خاکی کوردستان دەست بداتە چەک و شۆڕش بەرامبەر دەسەڵاتدارانی عێراق ڕابگەیەنێت، چونکە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم هەنگاوی گورج و خێرای بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەت دەنا کە هیچ مۆڵەتێکی جگە لە بەرەنگاری و دەستدانە چەک بۆ گەلەکەمان نەهێشتەوە و هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و شەخسی بارزانیی نەمر، کە نەیدەویست کێشەکان لەگەڵ بەغدا بە شەڕ چارەسەر بکات، پشتگوێ خراو لە (9)ی ئەیلوولی 1961ەوە حکوومەت دەستی بە هێرشێکی سەربازی گەورە بۆ سەر کوردستان کرد و کوردیش شۆڕش و بەرەنگاری بەرامبەر ئەو هێرشانە ڕاگەیاند کە لەمەودوا،لەسەرانسەری جیهاندا بە شۆڕشی (11)ی ئەیلوول پێناسە کرا.

شۆڕش، «دیموکراسی بۆ عێراق»ی کردە دروشمی سەرەکی و خۆی و بەمەش ڕێگەی لە حکوومەتی قاسم گرت کە شەڕەکە بە شەڕی کورد و عەرەب – وەکوو دەیویست – پێناسە بکات.

شۆڕشی ئەیلوول دەسەڵاتدارانی بە بەرپرس لەو جەنگە دەزانی نەک گەلی عەرەب و هەر ئەم سیاسەتە دروستەش بوو کە بووە هۆی ئەوەی سەدان هاوواڵتی عەرەب پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن و ڕۆڵی کارا لەو شۆڕشەدا بگێڕن و لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا داکۆکی لە گەلەکەمان بکەن. نموونەی شەڕی هەندرێن، شایەتحاڵی ئەو ڕاستییە مێژوویییەیە.

ئەگەرچی حکوومەتی عێراق نەدەپرینگایەوە لە بەکارهێنانی هەموو چەکێک، لە نێویاندا ئەو چەکانەی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی قەدەغە کرابوون دژی پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل، لەگەڵ ئەوەشدا کورد هەرگیز پەنای بۆ تیرۆر و کرداری تیرۆریستی نەبرد، ئەگەرچی ئەو پرسەش جاروبار لابەلا باسدەکرا، بەڵام بارزانیی نەمر زۆر بەتوندی لە دژی وەستایەوە و بە ئاشکرا بە جیهانی ڕاگەیاند، کە شەڕی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتە و لەگەڵ عەرەب نییە، بۆیە شۆڕشی ئەیلوول نموونەیەکی بااڵی شۆڕشی گەلانە لەپێناو سەرفرازیدا کە پێویستە هەردەم گەلەکەمان بەرزبینرخێنێت و بە شانازییەوە باسی بکات.

بەرز و پیرۆز بێت یادی 59 ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و هەزاران درود بۆ گیانی شەهیدان

پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی پەنجا و نۆ ساڵەی شۆڕشی ئەیلوول

شۆڕشی ئەیلوول ئیرادە و بڕوابەخۆبوونی بۆ گەلی کوردستان گەڕاندەوە

هەرچی دەستکەوت و خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان هەیە هەمووی بەرئەنجام و دریژکراوەی هێز و بەرفراوانیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە



بۆ نەیاران سەلمێندرا کە ناتوانن لەڕێی زۆرداری و ستەمکارییەوە وا لە کوردستانییان بکەن دەستبەرداری مافەکانیان بن

رۆژی هەینی ١١-٩-٢٠٢٠، سەرۆك بارزانی بەبۆنەی یادی ٥٩ ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١، پەیامێکی بڵاوکردەوە. سەرۆك بارزانی لە پەیامەکەیدا رایگەیاندووە «شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شۆڕشێکی سەرتاسەریی هەموو ناوچە جیاجاکانی کوردستان و گشت چین و تۆێژەکان و تێکڕای پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان بوو. هەرچی دەستکەوت و خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان لەو کاتەوە هەتا ئێستا هەیە هەموی بەرئەنجام و دریژکراوەی هێز و بەرفراوانیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە». لە پەیامەکەیدا سەرۆك بارزانی ئەوەشی راگەیاندبوو «پێزانینم هەیە بۆ خەبات و ماندوویەتی هەموو شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە و کادیرانی شۆڕشی ئەیلوول چ ئافرەت و چ پیاو، کە قارەمانانە ڕۆڵیان هەبووە لەم شۆڕشە مەزنەدا. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی شۆڕشی ئەیلوول و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی». ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

پەنجا و نۆ ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا گەورەترین شۆڕشی سیاسی و چەکداری و کۆمەڵایەتیی گەلی کوردستان لە عێراقدا لە پێناو بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان هەڵگیرسا. شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شۆڕشێکی سەرتاسەریی هەموو ناوچە جیاجاکانی کوردستان و گشت چین و تۆێژەکان و تێکڕای پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان بوو. هەرچی دەستکەوت و خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان لەو کاتەوە هەتا ئێستا هەیە هەموی بەرئەنجام و دریژکراوەی هێز و بەرفراوانیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە.

شۆڕشی ئەیلوول قوتابخانەیەکیش بوو بۆ پێگەیاندنی خەباتگێڕ و تێکۆشەرانی سەرتاسەری کوردستان. ئەو شۆڕشە ئیرادە و بڕوابەخۆبوونی بۆ گەلی کوردستان گەڕاندەوە و بۆ نەیارانی گەلی کوردستانیش سەلمێندرا کە ناتوانن لەڕێی پەراوێزخستن و زۆرداری و ستەمکارییەوە وا لە خەڵکی کوردستان بکەن دەستبەرداری مافەکانیان بن. شۆڕشی ئەیلوول بۆیە لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا پڕ بایەخە چونکە لە یەك ناوچەدا کورت نەکرایەوە و ڕێکخستن و بیروبڕوا و پێشمەرگەبوونی لە ناخی خەباتگێڕ و تێکۆشەرانی کوردستان ئاوێتەی یەکتر کرد.

لەو یادە پیرۆزەدا جەخت لەوە دەکەینەوە کە بەها و هێز و تینی شۆڕشی ئەیلوول هیچ کات لە یاد ناکەین و چرای ڕێگەی خەباتی گەلەکەمان دەمێنێتەوە. پێزانینم هەیە بۆ خەبات و ماندوویەتی هەموو شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە و کادیرانی شۆڕشی ئەیلوول چ ئافرەت و چ پیاو، کە قارەمانانە ڕۆڵیان هەبووە لەم شۆڕشە مەزنەدا. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی شۆڕشی ئەیلوول و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی.

مسعود بارزانی
١١ی ئەیلوولی ٢٠٢٠

سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکات

مەسرور بارزانی: مووچەی فەرمانبەران لە هەرێم بێت یان هەر ناوچەیەکی دیکەی عێراق مافێکی ڕەوای خەڵکە و پێویستە تێکەڵی کێشە سیاسییەکان نەکرێت

مستەفا کازمی: دەرفەت و تێگەیشتنێکی نوێی باش هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکوومەتی ئیتیحادی





رۆژی پێنجشەممە ١٠-٩-٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیران، پێشوازی لە مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق و شاندێکی یاوەری کرد. لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان خۆشحاڵی خۆی بە سەردانی سەرۆك وەزیرانی عێراق نیشاندا و بە ئاماژەیەکی ئەرێنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی دانا. سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی تەنیا مووچە و بودجە نییە و هیواداریں هەموو کێشەکە هەڵپەسێردراوەکان لە ئایندەیەکی نزیکدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە سەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێن. گوتیشی مووچەی فەرمانبەران لە هەرێم بێت یان هەر ناوچەیەکی دیکەی عێراق، مافێکی ڕەوای خەڵکە و پێویستە تێکەڵی کێشە سیاسییەکان نەکرێت.

سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان جەختیشی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ و قەیرانی دارایی و دۆخی نالەباری تەندروستی بوونەتەوە، بۆیە ئامادەیی خۆمان بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان دەردەبڕین بە شێوەیەك کە لە بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیانی عێراقدا بێت. سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان جەختیشی لە گرنگیی چارەسەرکردنی کێشەکانی بودجە و نەوت و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و ماف و شایستە دەستوورییەکانی پێشمەرگە کردەوە. بەتایبەتی کاراکردنی میکانیزمی هەماهەنگی ئەمنیی هاوبەش لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش.

سەرۆك وەزیرانی عێراق ئاماژەی بەوە کرد کە هاتنی ئەو شانە گەورە و گرنگەی حکوومەتی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان، ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئامادەییان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دانانی بنەمایەکی نوێ و پتەو بۆ پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی. سەرۆك وەزیرانی عێراق گوتیشی سەرکەوتنی هەر بەشێکی عێراق سەرکەوتنە بۆ هەموو عێراق و من گەشبینم کە بە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەموو پێکهاتە و بەشەکانی عێراق، دەتوانین بە سەر ئاستەنگەکان سەربکەوین و ئێستاش دەرفەت و تێگەیشتنێکی نوێی باش هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسوڵی گشتی شانشینی ئوردن دەکات

رۆژی پێنجشەممە ١٠-٩-٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە هەیسەم ئەبولفول کونسوڵی گشتی شانشینی ئوردن کرد بە بۆنەی کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی لە هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی حکوومەت خۆشحاڵی بە پەیوەندیی مێژوویی و دۆستانەی نێوان هەرێمی کوردستان و شانشینی ئوردن دەربڕی و سوپاسی کونسوڵی ئوردنیشی کرد بۆ ئەو ماوەیەی لە هەرێمی کوردستان بوو، هیوای سەرکەوتنیشی لە ئەرکی نوێدا بۆ خواست.

کونسوڵی ئوردن سوپاسی میواندۆستی خەڵکی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کرد بۆ پێشکەشکردنی کارئاسانی و هەماهەنگیی باشیان، لە پێناو پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان ئوردن و هەرێمی کوردستان.

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا:

نێچیرڤان بارزانی: شۆڕشی ئەیلوول ڕەتکردنەوەی ئەو جەور و ستەم و واقیعە تاڵە بوو کە بە سەر گەلەکەماندا سەپێندرا بوو

باشترین وانە و پەند کە لەو شۆڕشە مەزنەی وەربگرین تەبایی و یەکڕیزی و کۆبوونەوەمانە لەژێر یەک چەتر و لەپێناوی یەک ئامانجدا



ڕۆژی هەینی ١١-٩-٢٠٢٠، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی یادی ٥٩ ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پەیامێکی بڵاوکردەوە. لە پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانیدا هاتووە «شۆڕشی ئەیلوول ڕەتکردنەوەی ئەو جەور و ستەم و واقیعە تاڵە بوو کە بە سەر گەلەکەماندا سەپێندرابوو، هەر بۆیەش تێکڕای ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان بە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزا و چین و تۆیژ و ناوچە جیاجیاکانیانەوە، لەژێر ئاڵای شۆڕشدا کۆبوونەوە، هەموو تواناکانیان یەکخست و نەسرەوتن تا بە ئامانج گەیشتن و لە ڕێککەوتنامەی یازدەی ئازاردا سەرەتای مافە ڕەواکانی گەلی کودستانیان بەدەستهێنا و هەر ئەوەش بووە بناغەی بەدیهاتنی دەسکەوتەکانی دواتر».

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ بە شکۆوە یادی پەنجا و نۆ ساڵەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکەینەوە کە لە ڕۆژگارێکی سەخت و دژواردا و بۆ بەرگری لە مان و مافی گەلی کوردستان بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانیی نەمر و بە پشتیوانیی تێکۆشەرە پێشەنگ و خەباتکارەکانی گەلە دلێرەکەمان، هەڵگیرسا.

شۆڕشی ئەیلوول ڕەتکردنەوەی ئەو جەور و ستەم و واقیعە تاڵە بوو کە بە سەر گەلەکەماندا سەپێندرابوو، هەر بۆیەش تێکڕای ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان بە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزا و چین و تۆیژ و ناوچە جیاجیاکانیانەوە، لەژێر ئاڵای شۆڕشدا کۆبوونەوە، هەموو تواناکانیان یەکخست و نەسرەوتن تا بە ئامانج گەیشتن و لە ڕێککەوتنامەی یازدەی ئازاردا سەرەتای مافە ڕەواکانی گەلی کودستانیان بەدەستهێنا و هەر ئەوەش بووە بناغەی بەدیهاتنی دەسکەوتەکانی دواتر.

باشترین وانە و پەند کە لەو شۆڕشە مەزنەی وەربگرین، جگە لە کۆڵنەدان و خۆڕاگری و بەگژاچوونەوەی سەختییەکان، تەبایی و یەکڕیزی و کۆبوونەوەمانە لەژێر یەک چەتر و لەپێناوی یەک ئامانجدا وەک تاکە ڕێگەی گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە ڕەواکانمان.

لە یادی ئەو شۆڕشە مەزنەدا کە بووە قوتابخانەیەک بۆ بیری ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری و نەخشەڕێی تێکۆشان بۆ نەوەکانی دواتر، سڵاو و درود بۆ شەهیدان و گیانفیدایانی شۆڕش و هەموو ئەو تێکۆشەر و پێشمەرگە پێشەنگانەی لەو ڕۆژگارە نالەبارەدا ڕێگای خەباتیان نیشانی گەلەکەمان دا و تۆوی ئومێدیان چاند و لەو پێناوەدا ژیان و گیانی خۆیان بەخت کرد.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠٢٠/٩/١١

پەیامی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی پەنجا و نۆ ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

مەسرور بارزانی: زۆر پێویستە هەمیشە گیانی خۆڕاگری و لە خۆبردوویی و بەها بااڵکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولمان لەبەرچاوبن

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە کاتێکدا دەستیپێکرد کە تەمی نائومێدی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو



ڕۆژی هەینی ١١-٩-٢٠٢٠، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی پەنجا و نۆ ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پەیامێکی بڵاوکردەوەو تیایدا هاتبوو «شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، لە کاتێکدا دەستیپێکرد، تەمی نائومێدی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، دوژمنانی گەلی کوردستان هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆ لەناوبردنی کولتوور و ناسنامەی گەلی کوردستان و بێبەشکردنی لە هەموو مافە بنەڕەتییەکانی ژیان. سەرەنجام تێکڕای خەڵکی کوردستان بوونە پشتیوانیی شۆڕش و بە ئیراده و خۆڕاگریی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی، زۆر دەستکەوتی مەزن بەدیهاتن، کە گرنگترینیان کۆکردنەوەی کوردستان بوو لە ژێر یەک ئاڵا و یەک سەرکردایەتیدا. بێگومان یەکێک لە دەسکەوتە میژوویییەکانیش ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بوو، کاتێک رژێمی بەعس ناچار بوو دان بە مافەکانی گەلی کوردستاندا بنێت.

ئەمڕۆ کە یادی ئەو شۆڕشە مەزنەی کوردستان دەکەینەوە، هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی سەختدا تێدەپەڕێت. بۆیە زۆر پێویستە هەمیشە گیانی خۆڕاگری و لە خۆبردوویی و بەها بااڵکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولمان لەبەرچاوبن و هاندەری زیاترمان بن، بۆ یەکڕیزی و تەبایی و پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان.

بەرز و پیرۆز بێت یادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول.

سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی شۆڕشی ئەیلوول و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دادەنوێنم

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
١١ی ئەیلوولی ٢٠٢٠

نێچیرڤان بارزانی و مستەفا کازمی دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

هەردوولا جەختیان لە گرنگیی یەکڕیزی و یەکگەڵبوونی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکە و تەحەدیاتی ئێستا کردەوە





سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی ٢٠٢٠/٩/١١ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز مستەفا کازمی، سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا دۆخی گشتیی وڵات و دۆسیە هاوبەشەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران و هەردوولا جەختیان لە گرنگیی یەکڕیزی و یەکگەڵبوونی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکە و تەحەدیاتی ئێستا کردەوە. هەردوولا داکۆکییان لە گرنگیی گفتوگۆی هەولێر – بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور و گەیشتن بە چارەسەرێکی بنچینەیی کردەوە کە خزمەت بە تەواوی وڵات و پێکهاتەکانی بکات. لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لە بەردەوامیی هاریکاری و هەماهەنگیی ئەمنیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرستانی داعش کرایەوە، بە شێوەیەک سەقامگیری دابین بکات و هاوکار بێت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو کە ئیرادە و خواستی هاووڵاتیان بەرجەستە بکات.

دەزگای هەڵبژاردنی پارتی و یەکێتی لەبارەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق کۆبوونەوە

خەسرۆ گۆران: گرنگە لایەنە کوردستانییەکان لەسەر ئەو یاسایە و یاساکانی دیکە یەکگەڵبێست بن

رزگار حەمە: دەمانەوێت لەسەر یاسای هەڵبژاردنی عێراق یەکدەنگ بین



دوێنێ شەممە هەردوو دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری سلێمانی لە بارەی یاسای هەڵبژاردنی عێراق کۆبوونەوە، دوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان خستەڕوو، کە تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق. لە کۆنفرانسەکەدا خەسرۆ گۆران راگەیاند: ماددەی ١٥ی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق کە لە پەرلەمان دەنگی لەسەر دراوە، لە بڕگەی ٦ دا دەڵێ پارێزگاکان پێکدێن لە چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن، بەڵام ڕوون نەکراوەتەوە چەند و چۆن. گوتیشی: ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لایەنە کوردستانییەکان لەسەر ئەو یاسایە و یاساکانی دیکە یەکگەڵبێست بن.

هەر لەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەدا رزگار حەمە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی گوتی: دەمانەوێت لەگەڵ پارتی و لایەنەکانی دیکە لەسەر باشترین بژاردە ڕێکبکەوین، وەک کورد لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکان پێویستیان بە کۆدەنگی هەیە. ئاماژەی بەوەشدا: تائێستا باسیان لەوە نەکردووە یەک لیست بین، بەڵام دەمانەوێت لەسەر یاساکە یەکدەنگ بین.

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بۆ یادی (٥٩) یەمین ساڵیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وەرچەرخانێکی تازەی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا دروستکرد

پارتی بەهەمان ئیرادەی شۆڕشی ئەیلوول و بە تێگەیشتنێکی هاوچەرخانەوە پەرە بە خەباتی سیاسی و حوکمڕانی و دیپلۆماسی و مەدەنی دەدات



خۆشەویستیی مستەفا بارزانی و بەرنامەی دروست و فرەڕەهەندی پارتی بوونە هەوێنی شۆڕشێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەرتاسەری

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یادی ٥٩ ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە: شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وەرچەرخانێکی تازەی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا دروستکرد و دۆزی ڕەوای گەلەکەمانی لە ئاستی لۆکاڵەوە بۆ ئاستە نێودەوڵەتییەکان گواستەوە. هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە: لە کاتێکدا، کە یادی پڕ شکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکەینەوە، جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەینەوە، کە ئەو ئامانجانەی شۆڕشی ئەیلوولی لە پێناودا هەڵگیرسا، تا ئێستا بەشێك لەو ئامانجانە نەهاتوونەتە دی، بۆیە گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان شێلگیرانە، بەهەمان ئیرادەی شۆڕشی ئەیلوول، لێ بە تێگەیشتنێکی هاوچەرخانەوە، پەرە بە خەباتی سیاسی، حوکمڕانی، دیپلۆماسی و مەدەنی دەدات و لەو پێناوەشدا پاڵپشتی جەماوەر و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە کلیلی سەرکەوتن دەزانێت. ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

جەماوەری خۆشەویست و خۆڕاگری کوردستان
تێکۆشەرە دێرینەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول..

٥٩ ساڵ لەمەوبەر، وەك بەرپەرچدانەوەیەك بەرامبەر دیکتاتۆریەت و پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کوردستان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، گەلی کوردستان و پارتە تێکۆشەرەکەتان (پارتی دیموکراتی کوردستان)، بەڕێبەرایەتی (مستەفا بارزانی) مەشخەڵی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی هەڵکرد و، کاریزما و خۆشەویستیی (مستەفا بارزانی) و بەرنامەی دروست و فرەڕەهەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بوونە هەوێنی شۆڕشێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەرتاسەریی، کە جوگرافیای کوردستانی لە زاخۆوە تا خانەقین پێکەوە گرێدا و، لەنێو ئەم جوگرافیایەشدا هەموو نەتەوە و ئایین و ئایدیا جیاوازەکانی لەیەك سەنگەردا کۆکردەوە و ئیرادەیەکی ئەتۆی گیانفیدایی و قوربانیدانیشی بۆ ڕەتکردنەوەی زوڵم و زۆرداری چێ کرد، کە چەندین جار دیکتاتۆرەکانی بە چۆکدا هێنا و ئاکام لە ئاداری ساڵی (١٩٧٠)، حکومەتی عێراقی ناچار کرد بێتە سەر مێزی دانوستاندن و سەرەنجام ڕێککەوتنی میژوویی ١١ی ئاداری لێکەوتەوە.

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وەرچەرخانێکی تازەی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا دروستکرد و دۆزی ڕەوای گەلەکەمانی لە ئاستی لۆکاڵەوە بۆ ئاستە نێودەوڵەتییەکان گواستەوە و لەماوەیەکی زۆر کورتدا نەبەردییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرنجی میدیاکانی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و بە دەیان ڕۆژنامەنووسی ناسراوی جیهانی هێنایە کوردستان و ئەوەبوو لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانییان ئامادە دەکرد و ڕەوایی سیاسیی دۆزی گەلی کوردستانیان بە ڕای گشتی و نێودەوڵەتییەکان و هەموو جیهان گەیاند.

ئەیلوول تەنیا شۆڕشێکی چەکداری نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی ڕوئیفراوانی ژیانبین بوو، کە متمانە و بڕوابەخۆبوونی بۆ هاونیشتمانیانی کوردستان دروستکردەوە و ئەو ڕاستییەیشی سەلماندەوە، کە گەلی کوردستان لەبەردەم هیچ دیکتاتۆر و زۆرداریکدا چۆك دانادات، ئەم پەیامە شۆڕشگێڕانەیەشی لە دروشمەکەیدا : (کوردستان یان نەمان) چڕکردەوە، کە بۆ ئەوکات و نێستا و ئایندەیش پڕە لە مانا و مەغزای قووڵی پەروەردەی نیشتیمانی و دەکرێ ئەوە دوای ئەوە لێبەوە فێربن، کە کوردستان گرنگترینە.

هاوڵاتیانی خۆشەویستی کوردستان

پەند و وانەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول زۆرن، گرنگترینیان: سووربوون لەسەر مافەکان، بڕوابەخۆبوون، دیموکراسییەت، پێکەوژیان و کۆکردنەوەی جیاوازییەکان، ڕۆشنبیری، مەدەنییەت و ڕێزگرتن لە یاسا، کە لێرەدا و لەم بۆنە پڕمانایەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەو ڕاستییە میژوویییە بکەین، کاتێك (سەرۆك مەسعود بارزانی) لەدوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ و لە کاتی کشانەوەی دامودەزگاکان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، لە شاری کۆیە داوای لەبەرەی کوردستانی کرد زەمینەسازیی بکەن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و کار بکەن لە پێناو دامەزراندنی (دەوڵەتی یاسا) دا، کە بێگومان ئەمە بەشێکە لە بەرهەمداریی نێو وانە بەرزەکانی شۆڕشی ئەیلوول، کە (سەرۆك مەسعود بارزانی) بەوپەڕی ڕۆشنبیریەوە بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند و ئاکام بوو بە بنەمایەکی پتەوی ژیانی دیموکراسی لە کوردستاندا.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا، کە یادی پڕ شکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکەینەوە، جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەینەوە، کە ئەو ئامانجانەی شۆڕشی ئەیلوولی لە پێناودا هەڵگیرسا، تا ئێستا بەشێک لەو ئامانجانە نەهاتوونەتە دی، بۆیە گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان شێلگیرانە، بەهەمان ئیرادەی شۆڕشی ئەیلوول، لێ بە تێگەیشتنێکی هاوچەرخانەوە، پەرە بە خەباتی سیاسی، حوکمڕانی، دیپلۆماسی و مەدەنی دەدات و لەو پێناوەشدا پاڵپشتی جەماوەر و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە کلیلی سەرکەوتن دەزانێت.

هاونیشتیمانیانی ئازیزی کوردستان

لە (٥٩)یەمین ساڵیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا و لە پێناو کوردستانێکی بەهێز و ئارام و ئاوەدانداً، گرنگە هەموومان: گەل، پەرلەمان، حکومەت، لایەنە سیاسییەکان، میدیا و ئۆرگانە کانیتری کۆمەڵگەی مەدەنی جەخت لەسەر تەبایی سیاسی، یەکڕیزیی نیشتیمانی و سەروەریی یاسا بکەینەوە و ڕۆڵی چارەسەر بگێڕین، تایبەت چارەسەری ئەو گرفتانەی، کە پەیوەستن بە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانەوە، هەمدیس پێخەمەت چاکسازی و هێنانەدەی ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ تەواوی گەلی کوردستان یەکدەست بین و پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین.

لە یادی ماناداری شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا:
سڵاو لە گەلی کوردستان و جیاوازییەکانی.
سڵاو لە گیانی ڕابەری نەتەوەکەمان (مستەفا بارزانیی نەمر).
سڵاو لە گیانی سەرکردەی ڕۆژە سەختەکان (ئیدریس بارزانی).
سڵاو لە گیانی بەرزەفڕکشاوی شەهیدانی شۆڕشی ئەیلوول و تێکرای شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان و خانەوادە سەربەرزەکانیان.
سڵاو لە پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی ئەیلوول و تەواوی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان.
سڵاو لە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پێشڕەویی شۆڕشی ئەیلوولی کرد و ئەمڕۆیش بە پاڵپشتی کادیر و ئەندام و لایەنگرە خۆڕاگر و سەربەرزەکانی و خەڵکی بە ئەمەکی کوردستان، لە هەموو ڕۆژ سوورترە لە خەبات بۆ وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان.

مەکتەبی سیاسیی
پارتی دیموکراتی کوردستان
١٠ی ئەیلوولی ٢٠٢٠

هێمن هەورامی:

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لەمێژووی خەبات و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان



بەبۆنەی ٥٩ هەمین ساڵیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە تیایدا ئاماژەی بەوە داوە کە شۆڕشی ئەیلوول فێری کردین یەکڕیزی هەوێنی هەموو سەرکەوتن و پێشڕەچوونێکە، ئەمەی خوارەوەش دەقەکەیەتی:

بەشکۆوە یادی ٥٩ ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکەینەوە، کە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژووی خەبات و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان. لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول قۆناغی شۆڕشە ناوچەییەکان تێپەڕین و تێکڕای ناوچەکانی کوردستان و بەهەموو پێکهاتەکانییەوە چوونە ژێر چەتری شۆڕش بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، شۆڕش بووە هەڵگری داخوازیی میللی و سەرتاسەریی خەڵك و هەموان و هەموو ناوچەکان بەبێ جیاوازی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانیی خۆیان بەجێدەگەیاند.

ئەیلوول وانەیەکی گەورەی فێرکردین، سەرەڕای لەخۆبردوویی و گیانفیدایی و خەباتکردن بۆ مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و نەچەمانەوە بۆ هیچ بارودۆخێك، فێری کردین یەکڕیزی هەوێنی هەموو سەرکەوتن و پێشڤەچوونێکە، ئەو کاتانەی هێزە کوردستانییەکان یەکڕیزو بەیەکهەڵوێست بەرگری لەخەڵك و مافەکانی دەکەن، هیچ هێزو دوژمنێك توانای بەرپەرچدانەوەو ڕەتکردنەوەی خواست و داخوازییەکانی نییە.

جارێکی دیکە ئەو یادە مەزنە بە بەرزییەوە بەبیردەهێنینەوە، دووپاتی خواستی خەڵك و پێویستیی قۆناغی ئێستامان دەکەینەوە، بۆ یەکڕیزی و تەبایی، بۆ چەسپاندنی زێتری خواست و مافەکانمان.

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
١١ی ئەیلوولی ٢٠٢٠

فراکسیۆنی پارتی: شۆڕشی ئەیلوول وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە بەرخودانی گەلەکەمان دژی داگیرکەران

لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا خوێنی گەنج و لاوانی هەرچوار پارچەی کوردستان تێکەڵی یەک بوو

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان
لە پەرلەمانی کوردستان

فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بەبۆنەی یادی ٥٩ ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەی فراکسیۆنی پارتیدا هاتووە «شۆڕشی ئەیلوول، کە لە خانەقین تا زاخۆوە نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی کوردستانی دەکرد و تێیدا خوێنی گەنج و لاوانی هەرچوار پارچەی کوردستان تێکەڵی یەك بوو، بۆ یەکەمجار داخوازییەکانی گەلی کوردستانی لە مافە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکان بۆ مافە سیاسییەکان گۆڕی و لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ش، هەموو ئامانجەکانی خۆی بە دەست هێنا». ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

شۆڕشی ئەیلوول، کە ٥٩ ساڵ بەر لە ئێستا بە ڕێبەرایەتی جەنەرال مستەفا بارزانی، باوکی ڕۆحیی و نەتەوەیی کورد هەڵگیرسا، وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە بەرخودانی گەلەکەمان لە دژی داگیرکەران. لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١، ژمارەیەك پێشمەرگە، بە چەکی سووك و ساده بەڵام بە وەرەیەکی بەرز و ڕێبەرایەتییەکی بێوێنە، دەستپێکردنەوەی خەباتیان بۆ ڕزگاریی گەلی کوردستان ڕاگەیاند.

شۆڕشی ئەیلوول، کە لە خانەقین تا زاخۆوە نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی کوردستانی دەکرد و تێیدا خوێنی گەنج و لاوانی هەرچوار پارچەی کوردستان تێکەڵی یەك بوو، بۆ یەکەمجار داخوازییەکانی گەلی کوردستانی لە مافە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکان بۆ مافە سیاسییەکان گۆڕی و لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ش، هەموو ئامانجەکانی خۆی بە دەست هێنا.

بارزانیی نەمر لە شۆڕشی ئەیلوولدا، نەوەك بە تەنیا هەر بۆ گەلەکەمان، بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ژێردەستەی جیهانی سەماند، کە ئەگەر ویستی ڕزگاری هەبێت، هەموو دونیا ناتوانێ شۆڕش و ئیرادەی گەلێك لەناو ببات. لەم یادەدا، وەك فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، سڵاو دەنێرین بۆ پێشمەرگە و شەهیدانی ئەو شۆڕشەی گەلی کوردستان و سەروەریان بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو و جەخت لەسەر پاراستنی دەستکەوتەکانی ئەو شۆڕشە و بە یاساییکردنیان، دەکەینەوە.

فراکسیۆنی پارتی
لە پەرلەمانی کوردستان



باکووری کوردستان..

پەرلەمانتاری هەدەپە بە ١٠ ساڵ زیندانی سزا درا

پەرلەمانتاری هەدەپە، ڕەمزیە تۆسون، لە سەر دۆسیەیەك کە لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان دادگایی کرا، بە بیانووی «ئەندامبوون لە پارتی کرێکارانی کوردستان سزای ١٠ ساڵ زیندانی بۆ دەرکرا. دانیشتنەکە لە پێنجەمین دادگای سزای قورسی دیاربەکر بەڕێوەچوو کە تیایدا تۆسون بەشدار نەبوو بەڵام پارێزەرەکەی ئامادە بوو. داواکاری گشتیی کۆماری لە سکاڵانامەکەیدا بانگەشەی ئەوەی کرد کە تۆسون چووەتە ڕێزی پێکهاتەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی پەکەکە(کەکەی) و بەشداری لە چالاکییەکانیاندا کردووە، بەو هۆیەشەوە داوایکرد سزا بدرێت. لای خۆیەوە پارێزەرەکەی تۆسون باسی لەوە کرد کە بریکارەکەی بێ تاوانە و داوای کرد بڕیار لەسەر بێ تاوانی بدرێت. دواجار بە بیانووی «ئەندامبوون لە ڕێکخراوی تیرۆریستیی پەکەکە(کەکەی)»، دادگا بڕیاری سزای زیندانی ١٠ ساڵی بۆ پەرلەمانتار تۆسون دەرکرد و، بە لەبەرچاوگرتنی سزاکەش بڕیاری بەردەوامی قەدەغەی گەشتی دەرەوەی وڵاتی بۆ دەرکرد.

پارێزگەرێ دهۆکێ ڕۆلێ دەزگایێ خێرخازێ بارزانی بلند هەلسەنگاند



ڕۆژا ٩-٩-٢٠٢٠ د.علی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا دەستەیا دەزگەهێ خێرخازی بارزانی ب سەروکاتیا موسی ئەحمەد کر. د هەڤدیتنەکێدا بەحسێ کاروچالاکییێن دەزگەهێ خێرخازێ بارزانی ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ و ئەو هاریکارییێن مرۆڤایەتی ئەوێن بو ئاوارە و پەنابەران و خوجهێن پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاری و هەڤکاریەکێ بو وێ یەکێ بەرنامێن دەزگەهی باشتر بهێنە ئەنجامدان و خزمەتا ئاوارە و پەنابەران بهێتە کرن.

ئەندامێکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەیاسای وەبەرهێنانی ئامادە کردووە، بە جۆرێك کە لەگەڵ ئەم قۆناغەدا بگونجێت و دەشڵێ: بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا ڕەوانەی پەرلەمانی بکات، چونکە لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە یاساکە هەموار بکرێتەوە.

شوان کەریم، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: یاسای وەبەرهێنان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ـەوە دەرچووە، کە ڕەنگە بۆ ئەوکات باش بووبێت، بەڵام بۆ ئەم قۆناغە پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، بە جۆرێك کە لەگەڵ ئەم قۆناغەدا بگونجێت و بتواندرێت زیاتر سەرنجی وەبەرهێنەران بۆ خۆی ڕابکێشێت، هەر بۆیە حکوومەت هەموارەکەی ئامادە کردووە و بڕیارە بەم زووانە ڕەوانەی پەرلەمانی بکات.

حکوومەت یاسای وەبەرهێنان ڕەوانەی پەرلەمان دەکات

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە حکومەتی هەرێم دەربارەی لێدوانێکی سەنتەری میترۆ:

ڕاگرتنی نووسینگەکانی NRT بەپێی ڕێکار و ڕێنماییەکانی لایەنە پەیوەندیدارە ئیدارییەکان لە شارەکانی هەولێر و دهۆک بووە

ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٨ سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان لێدوانێکی بەناوی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بە داخستنی نووسینگەکانی کەناڵی ئاسمانی NRT، گوایە ئەم هەنگاوە لەسەر داوای وەزارەتی ڕۆشنبیری بووە، لێرەدا نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە بڵاوکردەوە:

لە لێدوانەکەی سەنتەری میترۆدا هاتووە کە ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم ڕایگەیاندووە داخستنی نووسینگەکانی کەناڵی ناوبراو لەسەر داوای وەزارەتی ڕۆشنبیری بووە، کە ئەمەش پێچەوانەی ڕوونکردنەوەکانی پێشتری ئێمە بووە لەم بارەوە، چونکە ڕاگرتنی نووسینگەکانی NRT بەپێی ڕێکار و ڕێنماییەکانی لایەنە پەیوەندیدارە ئیدارییەکان لە شارەکانی هەولێر و دهۆك بووە.


لە ماوەی ڕابردوودا کەناڵیNRT چەندین جار ئاگادار کراوەتەوە کە بەردەوامیدان بە تەشهیر و بوختان و تێکدانی ئاسایشی هاوواڵتیان پێویستە ڕابگیرێت و ڕەچاوی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکات بەپێچەوانەوە دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان ناچارن ڕێکاری یاسایی بەرامبەر کەناڵی ئاسمانی NRT بگرنەبەر.

بۆ ئەم مەبەستە لەم دواییەدا داواکاری گشتی سکاڵای تۆمار کردووە لە دادگای لێکۆڵینەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کەناڵەکە، نوێنەری یاسایی وەزارەتی ڕۆشنبیریش پشتگیری داواکەی کردووە لە دادگای ناوبراو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیجرائاتەکانی دادگا تەواو نەبووە دادگاییەکە لە ڕۆژی دیاریکراودا بەڕێوە ناچێت. لە ڕۆژی دادگایی کردنەکە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار دەکرێنەوە.

بەپێی یاسای ڕۆژنامەنووسی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)، لەم یاسایەدا گشت ئەرك و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دیاریکراوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆر بە ئازادییەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەدات لە هەر ئاستێکدا بێت بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێ پیشەی ڕۆژنامەنووسی بێتە هۆکارێك بۆ بەزاندنی ئازادی کەسانی تر و هۆکارێك بۆ نانەوەی پشێوی و ئاژاوە و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. بەپێی ڕینمایی ژمارەی (٢) وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان تایبەت بە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە کاتی پابەندن نەبوونییان بە یاسا و ڕێنماییەکان و ناوزڕاندن و سوکایەتی کردن بە خەڵك و ڕەمزەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، هەروەها بڵاوکردنەوە و هاندانی خەڵك بۆ گێرەشێوێنی و تونددوتیژی، بۆ جاری یەکەم کەناڵەکە دادەخرێت بە مەرجێك لە ٧٢ سەعات زیاتر نەبێت و جاری دووەم لە هەمان ساڵدا لە هەفتەیەك زیاتر نەبێت و جاری سێیەم بەیەکجاری کەناڵەکە دادەخرێت و جارێکی دیکە بە هەمان ناو و لۆگۆیە مۆڵەتی پێنادرێتەوە.

کەناڵی ناوبراو ئەم ساڵ چەندین جار سەرپێچی ئەم ڕێنماییانەی کردووە. لەم ڕووەوە ڕێکاری پێویست بەرامبەر نووسینگەکانی کەناڵی ئاسمانی NRT گیراوەتەبەر لە لایەن دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ ڕاگرتنی هاندانی تونددوتیژی و گێرەشێوێنی و تێکدانی ئارامی هەرێمی کوردستان.

موحافیزکارانە نییە بڵێن ڕێبازی (بارزانی نەمر) وەک ڕێگای ستراتیژی خەباتی ئایندە بمێنێتەوە



ئەمێر

هەمیشە کورد کێشەی لەگەڵ مێژوودا بۆ دروست کراوە ناوەڕۆکی کێشەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مێژووی ئەو نەتەوەیە مێژوونیەکی پڕ لە داگیرکاری و ماڵوێرانی بووە واتە دوژمنان و ناحەزانی کورد بە ئارەزووی خۆیان دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە تاوەکو مێژووەکەی چەواشە بکەن بە تایبەتی مێژووی ڕاستەقینەی شۆڕشەکانی لەم ڕوانگەیەوە بە تەنیا بیرکردنەوە لەوەی کە شۆڕشی مەزنی ئەیلول لە دەرەوەی شۆڕشی گشتگیری نەتەوایەتی کورد بووە کیفایەتە بۆ ئەوەی بڵێن ئەم بیرکردنەوەیە بۆ خۆی پێویستە کە شۆڕشێکی هزری بەسەر دا بکرێ، چونکە لە لایەك تێنەگەیشتنە لە چەمکی شۆڕش و عەقلیەتی شۆڕشگێڕی، لە لایەکی ترەوە چەواشە کردنی مێژووێکی هەستیاری گەلی کوردستانە بە گەواهی ئەو مێژوونووس و شارەزاییانەی لە ڕوانگەی بێ لایەنییەوە پرسە سیاسییەکانی دەخوێنەوە لە پێوەری شۆڕشی گەلانی ڕۆژهەڵات شارەزان دواتر بوونی ڕێبەر (بارزانی نەمر) وەکو نەخشە داڕێژەری ئەم شۆڕشە بە ئەستۆگرتنی ڕێبەرایەتی و سەرکردایەتی شۆڕشەکە خۆی لە خۆیدا گۆڕانێکی نەوعی گەورە بووە لە ڕوانگەی ئەم ڕێبەر و سەرکردەیە لە دایك بووی ڕەحمی کوردایەتی هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەر بوو واتە بەرپرسی یەکەمی ڕووداوەکان بوو، بە جۆرێك لەو ئان و ساتەدا هەم ئەرکی قورستر بوو هەمیش ئەجندای بەرفراوانتر بوو ئەم پاشخانەی (بارزانی نەمر)یش فاکتەرێك بوو بە مەبەستی خولقاندنی گۆڕانێکی ڕیشەیی بەر لە هەموو شتێك گیانێکی پڕ قەناعەتی بۆ زەروورەتی بزوتنەکە خولقاند و ئەم کاریگەریەش بۆ هەموو پارچەکانی تری کوردستان تەنیەوە و بڵاوبووە، بۆیە جموجۆڵی هزری کوردایەتی کردن، بیرۆکەی خەبات کردن لە پێناو سەندنەوەی مافە نەتەوەییەکان جۆش و خرۆشی خستە تێفکرینی هەموو تاکێکی کورد هەر ئەمەش بوو کەوای کرد بە سەدان و هەزاران پیر و لاو بوونە پێشمەرگە و بە چەك و تفاقی خۆیانەوە بەشداریان لە شۆڕش کرد و ئەیلولی مەزن لە شۆرشێکی دیاری کراوە بوو بە شۆرشی سەرتاسەری گەلێکی ستەم دیدە و داگیراوی تێنوو بە هەناسەی ئازادی لەم ڕوانگەیەوە ئەم شۆرشە جیاواز لە هەموو شۆرشەکانی دیکەی کورد و بزاڤەکەی قورسایی سیاسی خۆی هەبووە ڕەنگدانەوەی سیاسی گەورەی لێکەوتۆتەوە، چونکە پێداگیریەکانی ئەم ڕابوون و شۆرشە بنەما و لۆژیکی خۆی هەبوو کە ئەویش لە پەرچە کرداری داگیرکاری و سەرکوت کردن و زەوت کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد بەرجەستە بوو بەو مانایەی ستراتیژیەتی شۆڕشی مەزنی ئەیلول گەرم گوڕی شۆرشەکە بناغەیەکی بە تینی هەبووە واتە کاتێك دەبیستیت و دەخوێنینەوە لەگەڵ دەست پێکی بانگی حەق بێژی ئەم شۆڕشە داستان و نەبەردییەکانی ئەوا لێشاوی پێشمەرگە لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان ڕوویان لە باشوری کوردستان کردووە بوون بە پێشمەرگەی بارزانی ئەمەش لە دوو قەناعەتەوە سەرچاوەی گرتووە، یەکەمیان بوونی سەرکردەیەکی خاکی، جەماوەری وەکو (بارزانی نەمر) کە کاریزمایی خۆی بەسەر هەموو بەشەکانی تری کوردستان بە جێهێشتبوو، دووەمیان بڕوا بوون بە گوتاری یەکدەنگی و هاوخەباتی نەتەوایەتی بەوەی کە کورد یەك نەتەوەیە، بەڵام دوژمن دابەشی کردووە، کەواتە کوردیش وەکو گەلانی دیکەی جیهان پێویستە خودان سەروەری نەتەوەیی خۆی بێت.

ماهیەتی ئەم حەقیقەتەش بە بەڵگەی دیکۆمێنتاری بەرجەستەکراو سەلێندراوە واتە هەر بە تەنیا مێژوونێکی نووسراو نییە کە لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کرابێت، چونکە تاوەکو ئەمڕۆش بەشێك لەوانەی پێشەنگی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بوون لە نێوماندا دەژین و دەرهاوێشتەکانی دوای ئەم شۆڕشە بە چاوی خۆیان دەبینن کەچی بە داخەوە جار جار هەندێ ئاوازی ناشاز دەبیستین کە حقدی خۆیان بە بێ لێکدانەوە و دوور لە خوێندنەوەیەکی واقعبینانە و بەبێ مۆراڵی و بە هەڵچوونێکی هستریا ئامێزەوە لە دژی گەورەیی و سەروەرییەکانی ئەم شۆڕشە مەزنە هەڵدەدەڕێژن لە بایەخی کەم دەکەنەوە گوایە چەشنی شۆڕشەکانی دیکە ژیلەمۆی خێرا کۆڕایەوە بەبێ ئاگا لەوەی کە ئەو سەرکردەیەی شۆڕشی ئەیلولی هەڵگیرساند ڕۆحی ئەم میللەتە و ئەو پارتەیە کە ئەمڕۆ بێ ڕکابەر لە گۆڕەپانەکەدا خەبات بۆ ئازادی، سەربەخۆیی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ دەکات فریادەرەسی ژێر دەستەکانە.

لێرەوە پێویستە دان بەو ڕاستییە دابنرێ کەوا (بارزانی نەمر) بە پێچەوانەی هاوکێشە سیاسییەکان کە باس لە سەروەری نەتەوە لە نێوان سیستەم و سەروەری سەرکردە دەکەن ئەوە (بارزانی نەمر) وەك چۆن لە یەك کاتدا کەسایەتی ئایینی و پێشمەرگە و سەرکردەیەکی کاریزما و ڕێبەری شۆرشێکی نەتەوایەتی ئازادی خواز بوو، چونکە ئەم زاتە کە زۆر جاریش ناوی بە سەرکردەی ئەفسانەیی دەبدرێت بێ پەردە و ڕەهەندی سیاسی و سۆسیۆلۆژی خۆی بە پێشمەرگەکانی ناشنا دەکرد واتە پێوەری هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لەو زەمەنە دیاری کراوە دا ساتی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە بوو بە فیعلی، کەواتە لە خوێندنەوەی ڕەخنەی چەمکی ئەو شۆڕشە پێویستە هەرەمەکیانە چاو لە حەقیقەتەکان دانەخەین، بەڵکو پێویستە ئامارْ بەو دیسپلینە پراگماتیەش بکرێ کە سەرکردایەتی شۆڕش نەخشەی بۆ کێشابوو نابێت شوێن پەنجەی هزری (بارزانی نەمر) لە ڕێبەرایەتی کردنی ئەم شۆڕشە لە بیرخۆمان بەرین کە ئەنجندا و کایزمایەکەی بڕبڕەی پشتی شۆڕش بووە.

هەر ئەو شێوە بیرکردنەوەیەی (بارزانی نەمر) بوو بۆ چارەنووسی کورد پەرەسەندنی ئەمڕۆی نەتەوەیی لێکەوتەوە، کەواتە دەربڕینێکی موحافیزکارانە نییە کە بڵێن پێویستە ڕێبازی (بارزانی نەمر) وەك ڕێگای ستراتیژی خەباتی ئایندەمان بمێنێتەوە، چونکە ئەم ڕێبازە مۆرکی نوێبوونەوەی بە ناوەڕۆکی خۆیەوە گرتووە، کە دەکرێ بەردەوام خوێندنەوەی تری بۆ بکرێ ئەمڕۆش واقعی ناوخۆی پارتیش زۆر بە شەفافانە جێگەی ئیرەی ناحەزانیەتی ئەوانەی لە دڕێر زەمانەوە دەستیان خستۆتە قورقوراگەی بزوتنەکەیەوە و لە ئاست دەسکەوتەکانی سەرسام و ئیفلیج بوونە کە دەبینن ئەو پارتەی (بارزانی نەمر) ئەلف و بێ یەکەی نووسیوەتەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەباتی بە گوڕتر دەبێت زیاتر لەگەڵ چەمکەکانی نوێبوونەوە ئاشنایەتی پەیدا دەکات ئەندام و لایەنگیرانی لە فراوانبوونی زیاتر دان ئەم پێوەرانەش کیفایەتە بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانەی دەیانەوێت حەقیقەتە مێژوونییەکان چەواشە بکەن ئەم حەقیقەتانەی پارتی لە تاقیکردنەوەیدا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، چونکە سەرۆکەکەی کلیلی بڕیارەکانی بە دەستەوەیە واتە ئەمڕۆش ئەیلول بەردەوامە بە هەمان ناوەڕۆك، بەڵام بە ستایلێکی دیکە تا گەیشتن بە کەناری ئارام و سەربەخۆیی کوردستان سەوڵی کاروانەکەش لە چنگێکی ئەمین دایە دڕێژەپێدەری میتۆد و ڕێبازی بارزانی و لە دایك بووی هەناوی شۆرش و کوردایەتی سەرۆك (مەسعود بارزانی) یە بۆیە مێژووی هاوچەرخ و نوێ کورد لە 11ی ئەیلولی 1961 یەکەوە دەست پێدەکات تا کەناری ئارام بە ڕێبەرایەتی سەرۆك(مەسعود بارزانی) بەردەوام دەبێت.

ئێران.. دابەزینی بەهای تمەن ژمارەی پێوانەیی تۆمار کرد

چەند مانگێکە بەهای دۆلار و یورۆ لە ئێران بەشێوەیەکی بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە و لەئێستادا، گەیشتووەتە بەرزترین ئاست. بە گوێرەی مالپەڕی bonbast.com کە تایبەتە بە چاودێریکردنی ڕەوشی دراو لە ئێران لە بازاڕی ئازاددا، یەك دۆلاری ئەمەریکی بۆ جاری یەکەم بەهاکەی گەیشتووەتە ٢٥ هەزار و ٧٠٠ تمەن.

هەروەها بۆ جاری یەکەم بەهای یەك یورۆ ٣٠ هەزاری تێپەڕاندووە و گەیشتووەتە ٣٠ هەزار و ٤٠٠ تمەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە یەك دۆلاری ئەمەریکی بەرامبەر بوو بە نزیکەی ١٣ هەزار و ٣٥٠ تمەن، بەمشێوەیە دراوی ئێران لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا سەدا ٩٢ی بەهاکەی لەدەستداوە.

هەروەها لەو کاتەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشاوەتەوە تا ئێستا کە دەکاتە ٢٨ مانگ، تمەن زیاتر لە ٣٠٠٪ی بەهای خۆی لەدەستداوە.

ئیسرائیل و بەحرێن پەیوەندییەکانیان ئاسایی دەکەنەوە

سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ، ئاشکرایکرد لە دوای ئیمارات وڵاتێکی دیکەی کەنداو، کە بەحرێنە گەیشتە ڕێککەوتن لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل. ڕۆژی هەینی دۆناڵد ترەمپ لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر بڵاویکردەوە، «ئەمڕۆ هەنگاوێکی مێژووییی نوێی دیکە. بەحرێن و ئیسرائیل، دوو دۆستی گەورەمان، لەسەر ڕێککەوتنی ئاشتی ڕێککەوتن». ترەمپ ئاماژەی بەوەکردووە، بەحرێن لە مانگی ڕابردوودا، دووەم وڵاتی عەرەبییە کە ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل ئەنجامدەدات و ڕاگەیەنراوی هاوبەشی بەحرێن و ئیسرائیل لەبارەی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ تویتەکەی بڵاوکردەوە.

ڕاگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوەکردووە، شای بەحرێن حەمەد بن عیسا ئال سانی و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بینیامین نەتانیاهو و ترەمپ پەیوەندییەکیان ئەنجامداوە و لەمیانی پەیوەندییەکەدا ئیسرائیل و بەحرێن لەسەر «دروستکردنی پەیوەندیی دیپلۆماتیی تەواو» ڕێککەوتوون. لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: «لەگەڵ دروستکردنی پەیوەندیی و گفتوگۆی ڕاستەخۆ لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵگا دینامیکییەدا، ئابووری پێشکەوتووە، بەردەوامی بە گۆڕانکاری ئەرێنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات و سەقامگیری لە ناوچەکە، ئاسایش و خۆشگوزەرانی زیاددەکات». هەروەها ڕاگەیەنراوەکە ئاشکراشیکردووە، ئیسرائیل بەڵێنی لەسەر کردنەوەی مزگەوتی ئەقسا بۆ پەرستش و سەردانکردنی موسڵمانان، شوێنە پیرۆزەکانی دیکەی قودسیش بەهەمان شێوە بۆ شوێنەکەوتووانی هەموو بیروباوەڕەکان کراوە بێت، داوە. جگە لەوە، ئەوەش ڕاگەیەنراوە، شای بەحرێن بن عیسا، لەسەر داوەتی ترەمپ، ڕۆژی ١٥ی ئەیلول بەشداریی ڕێورەسمی واژووکردنی ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی نێوان ئیسرائیل و ئیمارات لە کۆشکی سپی دەکات.

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ١٦ەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دەروازە پیرۆز دەکات

پەیامێك لە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ (١٦) هەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دەروازە پەیامێك ئاراستەی بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و کادیر و کارمەندانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ناوبراو دەکات. ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان/ بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و کادیر و کارمەندانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دەروازە..

بەبۆنەی(١٦)یەمین ساڵیادی دامەزراندنی (ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دەروازە) گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و بینەر و بیسەرانتان دەکەین و، ئومێدەواریین هەمیشە بەردەوام و لە پێشکەوتن دابن بۆ خزمەتگەیاندن بە کولتوور و ڕۆشنبیریی نەتەوەییمان.

دامەزراندنی (تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە) بەر لە ١٦ ساڵ هەنگاو و دەسکەوتێکی دیکەی پارتیمان بوو لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی بۆ خزمەتگەیاندن بە هاووڵاتیان لەو دەڤەرە تێکۆشەردا.

ئومێدەواریین بۆ ساڵی داهاتوو زیاتر پێشبکەون و لە ڕێی بەرنامە و پڕۆگرامەکانتانەوە ڕۆڵی گرنگی خۆتان ببینن لە هۆشیارکردنەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگەو زمان و کولتووری ڕەسەنی کوردایەتی.

جارێکی دیکە پاڵپشتی و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ (تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەروازە) دووپات دەکەینەوە و بەهیواین هەردەم لە پێشکەوتن دابن..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠٢٠/٩/١١

پرسەنامە

هەڤاڵی بەڕێز هاوار مۆرتکەیی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوای دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و کەسوکار و خزم و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی دایکی کۆچکردویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

.....

بۆ هاوکارمان هاوار مورتکەیی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بە ناوی سەرنووسەر و تەواوی کارمەندانی رۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی ئێوە و خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لە خوای گەورە داواکارین ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان بدات و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

خەبات

پەرەپێدانی هاتوچۆ و شارەوانییەکان تاوتوێ کرا

پارێزگاری هەولێر سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی کرد



دوای نیوەڕۆی دوێنێ شەممە ٢٠٢٠,٩,١٢، بەسەرپەرشتی د.فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و ئامادەبوونی جێگرانی پارێزگار و قایمقامی ناوەند و هەریەک لە سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکان و بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر و سەرجەم بەڕێوەبەری شارەوانییەکانی سەر بەسەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەری ئاوەڕۆکان، لەدیوانی پارێزگا، کۆبوونەوەیەک سەبارەت بەشارەوانیەکان و پەرەپێدانی هاتوچۆی هەولێر ئەنجامدرا.

لەکۆبوونەوەکەدا وێڕای ئەوەی گفتوگۆی لەبارەی ئەو شوێن و شەقامانەکرا کە پێویستییان بە پردی پەرینەوەی پیادە هەیە، پارێزگاری هەولێر، بڕیاریدا دەست بە دروستکردنی پردی پەرینەوەی چوار ڕێیانی عەنکاوە بکرێت، هەروەها کۆبوونەوە سەبارەت بەو بەرنامە و کارانەی کە بۆ شارەوانییەکان لە کۆبوونەوەی پێشووتردا بڕیاریان لەبارەوە درابوو، پێداچوونەوەی بۆکراو بڕیاری پێویستیان لەبارەوە وەرگیرا.



وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی لەبارەی دەستپێکردنی خوێندن بڵاوەکاتەوە

بەپێی دوو ڕاگەیەندراوی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە دەستپێکردنی پرۆسەی خوێندن لە قوتابخانە حکوومی و ناحکوومی و گوندەکان، دەوامی قوتابخانەکان لە سەرجەم ئەو قوتابخانانەی حکوومی و ناحکوومین و لە گوندەکانیش، لە ١٠/١٠ی ئەماڵ دەست پێدەکات.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا، کە کۆپییەکی بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان نێردراوە، ئاماژە بەوە دراوە، دەوامی قوتابخانە حکوومی و ناحکوومییەکان لە ١٠/١٠ دەستپێدەکات بەپێی ڕێنمایی تەندروستی، کە پێویستە نێوان قوتابیان لە مەتر و نیوێک کەمتر نەبێت و دەستەی کارگێڕیی قوتابخانە و قوتابیان ماسک ببەستن و بۆ وتنەوەی وانەکان سوود لە مامۆستایانی بازنەی یەکەم و دووەم وەربگرن، هەروەها هەفتەی یەکەم شیاو بوون و توانرا لەناو قوتابخانەکان دابەشکردنی قوتابیان بەپێی ڕێنمایی تەندروستی بێت، کە لە مەتر و نیوێک کەمتر نەبێت و پێویستە ئەو فەرمانە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگا و ئیدارەکان تا ٣ی مانگی داهاتوو ئاماری ورد بۆ وەزارەت بنێرن لەبارەی ناوەڕۆکی ئەو فەرمانە.

بۆ چۆنیەتیی خۆپارێزی و هۆشیاریی تەندروستی دەبێت و گرنگی پێدەڕێت و قوتابیانی قۆناغی دووەم پێویستیان بە پاڵپشتیی زیاتر هەیە لە پەروەردە و فێربوون بە هۆی ئەوەی ساڵی ڕابردوو لەبەر داخستنی قوتابخانەکان بەشێك لەوانەکان نەخوێندراون و پێداویستیی پزیشکی و پاککەرەوە و گەرمێنێو بۆ ئەو قوتابخانە دابین دەکرێت و نابێت لەناو قوتابخانە گردبوونەوە و کۆڕ و سیمینار دروست بکرێت و پێویستە هاتوچۆی قوتابیانیش بە جۆرێك ڕێك بخرێت، بەرکەوتن دروست نەبێت.

لەبارەی دەوامی قوتابخانەکانی گوندەکانیشەوە، وەزارەتی پەروەردەی ئاشکرای کردووە، دەوامی قوتابیانی پۆلی ١٢ لە ٢٧ی ئەم مانگە دەست پێدەکات و ئەوانەی پۆلەکانی دیکە لە ١٠/١٠ پرۆسەی خوێندن دەستپێدەکات، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی خوارەوە، کە ئەگەر ئەو گوندە هێڵی ئینتەرنێتی نەبێت و ئەگەر ڕووبەری قوتابخانەکان بە گوتەی گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانی پارێزگای دهۆك، بەرەبەیانی دوێنێ شەممە لە کەمپی بیرسفێی دووی ئاوارەکان لە سنووری قەزای زاخۆ ئاگر کەوتووەتەوە و بەو هۆیەوە دوو خێوەتی ئاوارەکان سووتاوە.

بێوار عەبدولعەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانیی دهۆك بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ٢٠٢٠,٩,١٢ لە کەمپی بیرسفێی دووی ئاوارەکان لە قەزای زاخۆ بەهۆی شۆرتی کارەباوە ئاگرێك کەوتووەتەوە و لە ئەنجامدا دوو خێوەتی ئاوارەکان بەتەواوی سووتاوە و تەواو بووە، بە فەرمانی سەرۆکی حکوومەت کاری باشی تێدا کرا و لە ئایندەی نزیك سەرجەمی تەواو دەبێت.

باسی لەوەش کرد، هەر شۆێنێك و بەشێك لە خێوەتەکە مقەدەم هیوا کەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ڕایگەیاند(ئەوەی پەیوەندیی بە ڕووداوی کوشتنەکەوە هەبێت، ناتوانین هیچ قسەیەك لەبارەی ئەو ڕووداوە بکەین، چونکە ئەو کەیسە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە و تاوەکوو ئێستا بەڕچاومان ڕوون نییە، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە ئەو دوو کچە لە ناوەڕاستی مانگی تەموزی ئەمساڵدا بەهۆی مامەڵەی خراپی باوکیانەوە ماڵەوەی خۆیان بەجێهێشتووە و لە شەڵتەڕێکی ژنان ماونەتەوە بۆ ئەوەی ژیانیان پارێزا بێت، بەڵام دواتر تەنازولیان بۆ باوکیان کردووە و بە بڕیاری دادوەر گەڕاونەتەوە بۆ ماڵی خۆیان، دواتر بەڵێننامە بە باوکیان پڕ کراوەتەوە بۆ ئەوەی ڕوبەڕووی هیچ حاڵەتێکی نەخوازراو نەبنەوە، بەڵام بەداخەوە دواتر تەرمەکانیان لە گۆڕستانێکی کۆنی گوندی براهیم ئاغا لە قەزای چەمچەماڵ دۆزرانەوە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ:

تا ئێستا بکوژی دوو خوشکەکە نەگیراوە



محەمەد عەبدی، بەڕێوبەری پۆلیس چەمچەماڵ بە (باسنیوز)ی ڕایگەیاند(ئەو باوکەی کە تۆمەتبارە بە کوشتنی هەر دوو کچەکەی تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراوە و هێزەکانی پۆلیس بەردەوامن لە گەڕان و بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی باوکی دوو کچە کوژراوەکە. گوتیشی،(هەرچەندە تاوەکوو ئێستا تۆمەتباری ڕووداوەکە دەستگیر نەکراوە، بەڵام بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان گومانێکی زۆر دەکرێت باوکی دوو کچەکە دەستی لە ڕووداوەکەدا هەبێت، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی باوکەکە هەڵهاتووە، ناتوانین هیچ قسەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر هۆکاری ڕووداوەکە بکەین.

بەڕێوبەری پۆلیسی چەمچەماڵ ئاماژەی بە ئەوەش کرد، کەیسەکە ڕەوانەی دادگا کراوە و هێزەکانی پۆلیس سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە هۆکاری ڕووداوەکە و هەوڵێکی چڕ و پڕ لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە دەستی پێکردووە بۆ دۆزینەوەی باوکی دوو کچە کوژراوەکە.



لە زاخۆ ئاگر لە کەمپێکی ئاوارەکان کەوتەوە

بەجێهێشتووە و لە شەڵتەڕێکی ژنان ماونەتەوە بۆ ئەوەی ژیانیان پارێزا بێت، بەڵام دواتر تەنازولیان بۆ باوکیان کردووە و بە بڕیاری دادوەر گەڕاونەتەوە بۆ ماڵی خۆیان، دواتر بەڵێننامە بە باوکیان پڕ کراوەتەوە بۆ ئەوەی ڕوبەڕووی هیچ حاڵەتێکی نەخوازراو نەبنەوە، بەڵام بەداخەوە دواتر تەرمەکانیان لە گۆڕستانێکی کۆنی گوندی براهیم ئاغا لە قەزای چەمچەماڵ دۆزرانەوە.


بەم نزیکانە 85 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون تاپۆدەکرێن



سەرۆکی شارەوانیی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، ٨٥ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە پڕۆژە و کۆمەڵگەکان هەیە و بەم نزیکانە سەرجەمیان تاپۆ دەکرێن و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانیش دەڵێت، بە فەرمانی سەرۆکی حکوومەت پەلە لەو کارە دەکرێت. عەبدولواحید ئەحمەد سەرۆکی شارەوانیی هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند(ئێستە پێنج هەزار یەکەی کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون بۆ تاپۆکردن ئامادەن و ٨٥ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەن.

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر گوتیشی(ئەو کۆمەڵگانە و یەکانەی نیشتەجێبوون خاوەندارییەتی بۆ کەسەکانیان دەکرێت ئەوەیش هەنگاوێکی گرنگە و بەم نزیکانە ئەوانەی تریش تەواو دەکرێن.

سامان عارەب سەرۆکی لقی هەولێری دەستەی وەبەرهێنان لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا گوتی، ئێستە پێنج هەزار یەکەی نیشتەجێبوون کاریان کۆمەڵگەیەك ئێمە دەستنیشانی دەکەین دەبێت لە ماوەی یەك مانگ سەردانی تاپۆ بکەن بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانیان دەنا دواتر خۆیان بەرپرس دەبن.



بازاڕێکی نوێی هاوچەرخ لە هەولێر دروست دەکرێ



دوای سێجار سووتانی، بازاڕی سیمەکەی هەولێر دەگوازرێتەوە و بەڕێوەبەری شارەوانی شەشیش دەڵێ، زەوی تەرخانکراوەو بە شێوەیەکی سەردەمیانە دروست دەکرێتەوە. ئەندازیار شۆڕەش عەلی، بەڕێوەری شارەوانیی شەش بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند(دوای ئەوەی سێجار بازاڕی سیمەکە لە گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر سووتا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی هەولێر بڕیاری دا بازاڕی سیمەکە بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاو.

بەڕێوەبەری شارەوانی شەش گوتیشی(لەسنوری شارەوانی شەش حکوومەت زەویی دابین کردوە بۆ بازاڕی نوێی سیمەکە و نەخشەدانانی لە قۆناغی کۆتایی دایە. ئەندازیار شۆڕەش عەلی ڕوونیشیکردەوە(بازاڕی نوێی سیمەکە بە شێوازێکی سەردەمیان دروست دەکرێتەوە و خزمەتگوزاری تەواویشی بۆ دابیندەکرێت.

شارەوانیی هەولێر ئامادەکاری بۆ وەرزی باران دەکات

سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر لەڕێگەی تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزییەوە پێش ئەوەی وەرزی بارانباریین دەست پێبکات، ڕۆژانە سەرقاڵی پاککردنەوەی شەقام و کۆڵان و شوێنە گشتییەکانن و ئامادەکاری بۆ ئەو وەرزە دەکەن.

لەمبارییەوە سیامەند کەریم گوتەبێژی شارەوانی هەولێر بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: لە هەڵمەتێکدا تیمەکانی شارەوانیی هەولێر و ژینگەپارێزی لە شاری هەولێر شەقامە ناوخۆییەکانی گەڕەکی زانیاری و هەڵگرتنەوەی حاویەی زبڵ لە پیشەسازی باکوور بە ئامێری شۆفەڵ و و قەلاب، خاوێنکردنەوەی شەقامەکانی گەڕەکی گوڵان و سەفین، خاوێنکردنەوەی شەقامی ١٠٠ مەتری بە ئامێری شۆفەڵ و قەلاب، هەڵگرتنەوەی ئاژەڵی مردارببو لە گۆڕەپانەکان کە بە ڕێژەیەکی زۆر پیس ببوون، سیمای شەقامەکانیان ناشیرین کردبوو، سەرجەم پاك کرانەوە.

گوتیشی: وەك ئامادەکارییەك بۆ هاتنی ساڵی نوێی خوێندن، دەستیان کرد بە شوشتنی قوتابخانەی بەهار لە شاری هەولێر کە پێش دەسپێکردنەوەی خوێندن دەبێت سەرجەم قوتابخانەکان بشۆردرێن.

گوتەبێژی شارەوانیی هەولێر ڕاشی گەیاند: بەڵە هاتنی وەرزی بارانباریین تیمەکانی شارەوانی دەستیان کردووە بە خاوێنکردنەوەی چاڵەکانی باران و دەردانەوەی ئاوی قورس و لابردنی ئەو ئەو گژوگیایانەی کە دەبنە هۆی ڕێگری و گلدانەوەی ئاو لە دەوری چاڵەکان، هەروەها پاککردنەوەی مەزراکانی ئاو لە شەقامەکان.



وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان نرخی پۆستە دادەبەزێنێت

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە کە هاوشێوەی نرخی ئینتەرنێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا نرخی پۆستەش دادەبەزێنن.

ئانۆ جەوهەر وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند(پێشتر لەسەر داواکاری ئێمە، هەندێك لە کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەی ٢٠ تا ٢٥٪ نرخی کارتی ئینتەرنێتیان دابەزاند، داواش کراوە ئەوانی دیکەش بە هەمان شێوە بەدەم داواکارییەکەوە بێن و چاوەڕێی وەڵامدانەوەیانین. گوتیشی(بۆ بابەتی پۆستەش، بەنیازن هەمان کار بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداری عێراق قسەیان کردووە و ڕێککەوتوون نرخی گەیاندن و گواستنەوەی پۆستەش کەم بکەنەوە، لەم ڕووەوە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لیستی نرخەکانی پۆستە ئاشکرا دەکەن.

وەزیری گواستنەوە و گەیاندن ئاشکراشی کرد، کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەهۆی پابەندنەبوون بە پێدانی شایستە داراییەکان بە حکوومەت، ئاگاداری کۆتاییان داوتە ٤٦ کۆمپانیای ئینتەرنێت، هاوکات حەفت کۆمپانیاش دراونەتە دادگا و مۆڵەتی سێ کۆمپانیاشیان هەڵوەشاندووەتەوە.



پۆلیسی هەولێر تۆمەتبارێک دەستگیر دەکات

پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند، تۆمەتبارێکیان لە گوندی کولەکی گەورە دەستگیرکردووە کە تەقەی کردووە و هەڕەشەیشی لە دایك و باوکی کردووە.

پۆلیسی هەولێر لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاماژە بەوە دەدات، بنکەی پۆلیسی شاوێس دەستبەجێ تیمێکیان پێکهێناوە و توانیویانە لە کەمتر لە کاژێرێکدا تۆمەتبار (ئ. س. م) دەستگیر بکەن.

بە گوێرەی ڕاگەیێندراوەکە، تۆمەتبارەکە کڵاشینکۆفێك، دوو مەخزەنی کڵاشینکۆف، کۆمەلێك فیشەك، چەقۆیەك، دەمانچەیەکی تورکی و ساچمەزەنێك چەندین کەرەستەی دیکەی هێرشبردن و شەڕی پێبووە کە لە ماڵەکەیدا دەستیان بەسەردا گیراوە.

پۆلیسی هەولێر ئاماژە بەوە دەدات کە تاوانبار دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و بەپێی مادەی ٢١ ی چەك لە یاسای سزادان پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوەتەوە و ڕاگیراوە.

ڕێگری لە دروستکردنی گۆڕستانێک بەشێوەی زێدەڕۆیی دەکرێت



لە سنووری پارێزگای هەولێر چەند کەسێك هەوڵدەدەن گۆڕستانێکی نوێ بە زێدەڕۆیی دروست بکەن، بەڵام ڕێگری لەو هەوڵە دەکرێت و زێدەڕۆییەکە تێکدرا.

قایمقامیەتی ناوەندی هەولێر ئاشکرای کرد: دوای ئەوەی ئاگادارکرانەوە کە لەسەر موڵکی گشتیی لەنزیك گۆڕستانی گردەڕەشە نزیکەی (٢٠٠) پارچە زەوی لەلایەن چەند کەسێکەوە دەستکاری کراوەو بەشێوەی پارچە پارچە ئامادەکراوە بەمەستی داگیرکردن و دروستکردنی گۆڕستانێکی نوێ بەشێوەی زێدەڕۆیی لەسەر موڵکی زانکۆی سەلاحەددین، لەسەر بڕیاری نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٠٢٠/٩/١١ بەشی پۆلیسی شارەوانی و تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پێنج و هێزی زێرڤانی، هەڵسان بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ تێکدان و نەهێشتنی ئەو زیادەڕۆیەی لەسەر موڵکی گشتی ئەنجام درابوو. قایمقامیەتی ناوەندی هەولێر لەم ڕاگەیەندراوەدا ڕاشیگەیاندووە(دەستکاری کردنی ئەو جۆرە زەویانە و زێدەڕۆییکردن لەسەر موڵکی گشتی، بەپێی یاسایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٨ ڕێگاپێدراو نییە و ئەنجامدەرانی ڕووبەڕووی یاسا دەکرێنەوە.

دەۆک.. ئۆکسجینی شل بۆ چارەسەرکردنی کۆرۆنا جێگیرکرا

لە نەخۆشخانەی ئازادیی شاری دهۆک کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کۆرۆنا سیستەمی ئۆکسجینی شل جێگیرکرا و بەرپرسێکی تەندروستیی دهۆکیش دەڵێت، ئۆکسجینی شل کۆتایی بە کێشەی ئۆکسجین دێنێت بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان پێی هەیە.

حەمزە ڕەزیکی، گوتەبێژی تەندروستیی دهۆک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: سیستەمی ئۆکسجینی شل لە نەخۆشخانەی ئازادیی دهۆک جێگیر کراوە و بەوهۆیەوە هاوکاریی زۆر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەی ئازادیی شاری دهۆک، کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کۆرۆنا لە دهۆک.

گوتەبێژی تەندروستیی دهۆک دەڵێت: سیستەمی ئۆکسجینی شل جیاوازیی لەگەل ئۆکسجینی ئاسایی ئەوەیە، ئۆکسجین بە بەردەوامی دەچێت بۆ نەخۆش و کەم و زیاد نابێت، واتە بەپێی پێویستی نەخۆش ئۆکسجین وەردەگرێت و هیچ کات نە دەبڕێت و نە کەم و زۆر دەبێت.

پرسەنامەی بارەگای بارزانی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز، کاك کاروان محەمەد سینۆ،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و کەسایەتی دیار(محەمەد سینۆ شەریف تۆفی)ی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین باوکی کۆچکردووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاك قادر قادر عەلی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی ئەیلوول و کەسایەتی دیاری هۆزی بلباس(محەمەد قادر عەلی)ی بڕای بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو(محەمەد قادر عەلی) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی حمەئەمین سلێمان،

بەدڵگرانیەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(ئامینە عەبدوڵڵا) دایکی سێ شەهیدی قارەمانی کوردستان(عەلی و عومەر و سەلام) و هاوژینی پێشمەرگەی ئەیلوول خوالێخۆشبوو(حمەئەمین سلێمان)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی خانەوادە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو خاتوو(ئامینە عەبدوڵڵا) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو کۆیخا نوری کازان دەکات

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(مەحبوبە) هاوژینی خوالێخۆشبوو کۆیخا نوری کازان،مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، هاوخەمی ئێوە و خزمان و ئاشنایانتانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو(مەحبووبە خان) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی مامۆستا مەلا شێخ زادە،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری ئاینی سۆران و قازی شۆڕشی ئەیلوول و ئەندامی لێژنەی فتوای سۆرانی یەکێتی زانایانی کوردستان(مامۆستا مەلا قادر شێخ زادە)مان پێگەیشت. مامۆستا مەلا قادر شێخ زادە یەکێك لەو کەسایەتیە ئاینیانە بوو خزمەتێکی بەرچاویان بە پرسی نەتەوەیی و نیشتیمانی گەلەکەمان کردووە. بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، هاوخەمی ئێوە و تەواوی مامۆستا و زانایانی کوردستان و خزم و دۆست و ئاشنایانتانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی مامۆستا مەلا قادر شێخ زادە بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و ئۆقرەیی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی یوسف سلێمان کیکانی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان(یوسف سلێمان کیکانی)مان پێگەیشت.پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوخەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو یوسف سلێمان کیکانی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی وشیار کۆیخا ئیبراهیم بندیان،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(وشیار کۆیخا ئیبراهیم بندیان)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزمانی بندیان و دۆستانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو وشیار کۆیخا ئیبراهیم بندیان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی خوالێخۆشبوو محەمەد مەعروف ڕەواندزی،

بەدڵگرانیەکی زۆرە هەواڵی کۆچی دوایی(محەمەد مەعروف ڕەواندزی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆستانی خوالێخۆشبووین. لە خودای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو کاکە محەمەد مەعروف ڕەواندوزی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات. دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز کاك خالید کەریم هەڵەبجەیی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو (وریا خالید کەریم)ی کوڕی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسەو سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای مەزن و دلۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی خوالێخۆشبوو سەید حەکیم سەید،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(سەید حەکیم سەید)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو(سەید حەکیم) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی



لە یادی 59 ساڵەی بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دا

هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر، عەشقی ئارەب ڕێزانەیی:

لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بارزانیی نەمر دەیفەرموو من خۆم بە خزمەتکاری خەڵکی کوردستان دەزانم

بارزانیی نەمر هەموو کاتێک لەگەڵ ڕاستی بوو، دەیگوت مرۆڤ دەبێ ڕاستگۆ بێت و ئەو کەسانەی خۆشدەویست کە کوردستانپارێز بوون




خەبات: سەفەر میرخان ژاژوکی

بە سەرۆکایەتی ڕابەری نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر59ساڵ بەر لە ئێستا شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەرپا بوو، کە ئەو شۆڕشە لە پێناو مافەکانی کوردستان و بەدەست و بازووی پێشمەرگە قارەمانەکان و جەماوەری کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانییەوە بوو و هاتنە پاڵ شۆڕشەکەی بازانی نەمر و هەندێک قارەمانە فیداکارەکان گیانی خۆیان لە پێناو پاراستنی خاک بەخشی، بۆیە ئەرکێکی نیشتمانییە ئەو ڕۆڵە ئازیزانەمان لە یاد بێت کە ڕێگەی مەرگیان هەڵبژاردو هەتا ئەمڕۆش هەر پێشمەرگەنە. لە ساڵیادی 59 ساڵەی بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەرابەرایەتی باوکی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر کە ناسنامەی گەلی کوردیان بە دونیا ناساند، بە پێویستمانزانی سەردانی دەڤەری بارزان و لەگوندی ڕێزان لەگەڵ یەکێک لەو کەسانە بدوێن کە بە عەشقەوە لەو ڕێبازەدا تێکۆشاوەو سەرجەم بەهاری تەمەنی لە ناو شۆڕش و کاروانی خەباتی ئازادیخوازی نەتەوەکەیدا بردۆتە سەر، ئەویش قارەمانی دەیان داستانی بەرگری کردن بۆ کوردستان و خاوەن هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر مام (عەشقی ئارەب ڕێزانەیی) کە قارەمانی بەشداربووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەڕین و فەرماندەیەکی ماندوونەناس و تێکۆشەرەکی دیارە.



فەرماندەی ماندوونەناس مام عەشقی ئارەب ڕێزانەیی ساڵی 1936 لە گوندی ڕێزان سەربەدەڤەری بارزان لە دایکبووە و لەتەمەنی یەک ساڵیدا بووە لە ساڵی 1937 باوک و برای قارەمانی خانۆ ئارەب لە چیای بێداروون سەربەدەڤەری بارزان شەهید بوون، ئەو قارەمانە لە دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەبێتە پێشمەرگە لەگەڵ شەهیدی فەرماندە حارس بێداروونی، بەشداری چەندەها داستانی کردووە لە دەڤەری بادینان و دەڤەری سۆران و شۆپنەکانی تر و چەند جار بەسەختی بریندار بووە و هەروەها چەندین ئەرکی هەبووە لە بەر ئازایەتی و لە باڵەکایەتی ئەرکی پاسەوانی لە مەکتەبی سیاسی و ئەرکی پاسەوانی بەشی پاراستنی شۆڕش پێشپێڕدراوە کە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بەرپرسی بووە و پاشان بوویتە فەرماندەی بەتالیۆنی یەک و ساڵی 1975 ئاوارەی ئێران دەبێت وساڵی 1979 دەبێتە فەرماندەی مەفرەزەی چەند کەسێک کە سەربە فەرماندەی خەباتکار د.سەعید ئەحمەد نادر بووە، ڕۆڵی لە چەندەها داستان لە شۆڕشی گوڵان هەبووە و کەسێکی نزیکی سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی بووە و لە ساڵی 1984 لە شەڕی چیای پیران بەسەختی بریندار بووە،هەروەها لە داستانی خواکورک وەک فەرماندەیەکی مەیدانی ڕۆڵی هەبووە وهەروەها بۆ ئارەبینی تری کە بەناوی خانۆ ئارەب بوو لە ساڵی 1988 لە پشت گوندی کەلە سەر بە دەڤەری بارزان شەهید بوو.ئەو تێکۆشەرە یەکێک لەبەشدار بووەکانی ڕاپەرینی ساڵی 1991 و دوای ئاوارەی لە دوای ڕاپەرین دەگەڕێتەوە کوردستان و دواتر چەندین ئەرکی سەربازی لە سوپای بارزان پێ دەسپێرێت و دوای ڕاپەرین دوو جار بەسەختی بریندار بووە، پاشان دەبێت بە یەکێک لە ئەندامەکانی فەرماندەیی بارزان و یەکێک لە فەرماندە بەشدار بووەکان بووە، کە چووتە سەنگەری خەبات بەرامبەر تیرۆریستانی داعش جەنگاوەو لە چەندین میحوەر ڕۆڵی هەبووە، لەبەر خەبات و بریندار بوونی دەیان ساڵەی پێشمەرگایەتی لە پلەی لیوا خانەشین کرا، لە کۆنگرەی 13ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن جەنابی سەرۆک بارزانی مەدالیای بارزانیی بەخشرا.



لە سەرەتا فەرماندە مام (عەشقی ئارەب ڕێزانەیی) لە بارەی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا گوتی:

هەموو کاتێک بنەماڵەی ئێمە بۆ هەر قوربانیدانێک ئامادەین گیانفیدا بکەین لە پێناو ڕێبازی بارزانیی نەمر و بەسەربەرزیەوە کە 59 ساڵ زیاترە هەر پێشمەرگەمەو قەتیس پەشیمان نەبووینەوە، ئەو ڕێبازە بەردەوامە، ئەمڕۆش جەنابی سەرۆک بارزانی دریژەپێدەری ڕێبازی باوکییەتی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی کورد. لە تەمەنی یەک ساڵیدا بووم کە لە ساڵی 1937 باوکم و برام شەهید بوون، هەتا گەورە بووین زۆر غەریبی و دەردەبەریان بینی، لە ساڵی 1961 لە دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بریارم دا ببمە پێشمەرگەی بارزانیی نەمر و لەسەر ڕێبازی باوک و برای شەهیدم بەردەوام بم بۆ پاراستنی کوردستان و من لەگەڵ فەرمانده مام حارس بێداروونی دابووم کە ئەو فەرماندەیە زۆر لە بارزانیی نەمر نزیک بوو کە لە پێش شۆڕشی مەزنی ئەیلوول پێکەوە بوون، لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بریاری ئێمە بریاری بارزانیی نەمر بوو، ژیانی ئێمە ژیانی بارزانیی نەمر بوو، باش لە یادمە پێش چوونمان بۆ بادینان بارزانیی نەمر ئێمەی کۆکردەوە پێش سەفەرەکەی فەرموی: من بریاری خۆم داوە و لەو سەفەرە هەر کەسێک بێت دەبێ بزانێ ڕێگای مان و نەمانمان لە پێشە بۆ ئاواتەکانی کوردستان، دواتر باسی هەموو ڕووداوەکانی کردو فەرموی: من قەت ئێوە لەبیر ناکەم، چونکە ئێوە لەو زروفەدا کە لەگەڵ من بریاری مردنتان داوە. ئێمە هەموومان بە مان و نەمان لەگەڵی دابووین و دواتر چووینە بادینان و بەشداریان کرد لە چەندین شەڕی ناوبانگ لە دەڤەری بادینان کرد ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵک دەهاتنە ناو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، هەروەها بارزانیی نەمر لەگەڵ لەشکر بریاری دا لە هەر شوێنێک زوڵم و زۆرداری هەبووایە نەیدەهێشت، بۆیەش سەرکەوتن بە دەستهات.

ئەوەمان لە پێشمەرگەی ماندوونەناسی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول مام (عەشقی ئارەب ڕێزانەیی) پرسی، ڕابەری کورد بارزانیی نەمر لە پێش شەڕەکان چ ئامۆژگاری ئێوەی لەشکری دەکرد، مام عەشقی گوتی: لە بادینان ڕابەری کورد بارزانیی نەمر بە بەرپرسەکان و ئێمەی پێشمەرگەکانی فەرموو: ئێوە مافی چوونتان بۆ ناو گوندی هیچ کەسێک نییە، چونکە ئەگەر ئێوەی پێشمەرگە چوونە ناو گوند لەوانەیە فڕۆکە گوندەکە بۆمب باران بکات، دەبێ هەموو فەرمانی بەرپرسەکان جێبەجێ بکەن، هەروەها یەکێک لە ئامۆژگارییەکانی بارزانیی نەمری ڕابەر بۆ ئێمە ئەوە بوو کە لە کاتی شەڕدا نابێ فیشەک بە فیڕۆ بدەین و هەروەها نابێ دیلەکان بکوژین یان ئازاریان بدەین، بۆیە ئەوانە هەموو کاتێک لە هزرمان مایە کە زۆر شت لە بارزانیی نەمر فێر بووین کە دەبێ خۆڕاگر بین و هیچ کاتێک بیر لە شکست نەکەینەوە، بۆیە گەورەترین سەرکەوتنان هێنا، بەشداریم لە شەڕەکانی بادینان و چیای پیرس و سەری ئاکرێ و زاویتە و هتد.. کرد، چونکە بارزانیی نەمر ئومێدی هەموو میللەتی کوردستان، ئێمەی لەشکر بەرابەرایەتی بارزانیی نەمر پاڵپشتی میللەتی کوردستان بووین وەک چیایەک، بۆیە خەڵکی بادینان بە هەموو ڕوویەکەوە هاتنە پاڵپشتی بارزانیی نەمر بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و بەچەکی خۆیان و پێداویستەکان هاوکاری شۆڕشیان کرد کە جێگای تەقدیرین و دەبێ ئەو مرۆڤە دڵسۆزانە لە یادمان بن.

لە بیرەوەرییەکانی باسی هەندێک لە سیفەتە بەرزەکانی بارزانیی نەمر لەگەڵ پێشمەرگە و جەماوەر دەکەیت، دەتوانیت لێرە هەندێکیان بۆ باس بکەیت؟ مام عەشقی گوتی: ساڵی 1962 کە دوای بادینان بارزانیی نەمر پەڕیەوە بۆ دەڤەری سۆران و باڵەکایەتی، من لەگەڵ هێزەکەی فەرماندە مام حارس بێداروونی چووینە دەڤەری باڵەک و پشدەر و ئێمە بووینە هێزی پشتیوان لە چیای هەڵگورد کە ڕێگا لە سوپاو جاش و ناحەزانی کورد بگرین و هەروەها چووینە سڕێشمە و برادۆست و دواتر لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە سەری ئاکرێ کە ساڵی 1963 کە دوژمن چیای داگیر کردو خۆمان گەیاندە سەری پیرس کە بەداخەوە لە سەر ئاکرێ شەهیدی فەرماندە مەلاشنی بێداروونی و پۆلێکی پێشمەرگە شەهید بوون و دواتر دوژمن شکستی خوارد، کە نزیکەی یەک مانگ و نێو بەشداری لەو شەڕانەمان کرد و دواتر دوژمن لە ملی بلێ و بارزاندا شکا، دواتر لە گەڵ فەرماندە مام حارس بێداروونی گەڕاێنەوە بۆ دەڤەری سۆران تاکو ساڵی 1965 لە سەنگەسەر بووین و هەروەها هێزەکانمان لەگەڵ هێزی باڵەک بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری کە شەهید فرەنسۆ هەریری جێگری بووە.

دواتر لێمان پرسی ئامانجی بارزانیی نەمر لە بەرپاکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول چ بوو ؟ مام (عەشقی ئارەب ڕێزانەیی) گوتی: هەموو ئامانجی بارزانیی نەمر لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئەوە بووە کە داخوازی و ویستی بۆ میللەتی کوردستان بەجێبهێنێت و نازادکردنی کوردستان بوو و هەموو کاتێک دەیفەرموو: دەبێ میللەتی کوردستان هەر بگاتە مافی خۆی، ئێمە شۆڕش لەسەر هەق دەکەین و دەبێ ڕۆژێک ئەو سەرکەوتنە بەدەستان بێت بۆ سەرفرازی و کوردستانێکی ئازاد، بۆیە هیچ کاتێک بارزانیی نەمر وازی لە شۆڕش نەهێناوە، بۆیە ئێمەی لەشکری کوردستان بەڵێنمان بە بارزانیی نەمردا وەک پێشمەرگە کوردستان بپارێزین و هەروەها شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەهێزترین شۆڕش بوو، چونکە هەموو کوردستان بەشدار بوون کە ئەوەش بۆ عەدالەتی بارزانیی نەمر دەگەڕایەوە کە چەند عەدالەتپەرست و نیشتمانپەروەر بوو، هەمیشە بارزانیی نەمر دەیفەرموو من خۆم بە خزمەتکاری خەڵکی کوردستان دەزانم و هەتا بتوانم چەک لە شان دەکەم بۆ سەرفرازی کوردستان، بارزانیی نەمر لە زاخۆ تا خانەقین شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەرپا کرد و هەموو خەڵک و چین و تۆێژەکان لە هەموو ڕوویەک بە یەکتر ئاشنا کرد کە پێکەوە بژین و بۆ کوردستان یەک بن واتە کوردایەتی بەهێز کرد .

لە بارەی پەیوەندی بارزانیی نەمر لەگەڵ پێشمەرگە و جەماوەر لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دا؟ مام(عەشقی ئارەب) گوتی: هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بارزانیی نەمر وەک پێشمەرگە بوو، چونکە بارزانیی نەمر باوەڕی بە دوا ڕۆژ هەبوو و هەر کارێکی دەکرد بە پاڵپشتی خوای گەورە دەیکرد، هەبوون و نەبوونی خواردن و جلوبەرگ لای گرنگ نەبوو و زۆرتر لەگەڵ پێشمەرگەی پێ خۆش بوو، ڕابەری کورد بارزانیی نەمر زۆر بێ جیاوازی بوو لەگەڵ پێشمەرگە، هەرچی هەبووایە لەگەڵ پێشمەرگە دەیخوارد، زۆرجار لەگەڵی دابووین ئەگەر نانێک هەبوایە پێکەوە دەمانخوارد، بارزانیی نەمر هەموو کاتێک کە دەیزانی پێشمەرگە نانی دەخوارد ئەویش دواتر دەستی بەخواردنی دەکرد، هەموو کاتێک بارزانیی نەمر دەیفەرموو: من هەمیشە دەڵێم من و ئێوە پێشمەرگەی کوردستانین و هەروەها زۆر پێی ناخۆش بوو کە بە گەورە ناوی دەبن. بارزانیی نەمر هەموو جار ئامۆژگاری ئێمەی پێشمەرگەی دەکرد کە تەعدا لە کەس مەکەن و لە شکست نائومێد نەبن و لە سەرکەوتنیش مەغرور نەبن، بۆیە سەردەکەوتین.

مام عەشقی ئارەب گوتیشی: بارزانیی نەمر هەموو کاتێک لەگەڵ ڕاستی بوو، دەیگوت مرۆڤ دەبێ ڕاستگۆ بێت و ئەو کەسانەی خۆشدەویست کە کوردستانپارێز بوون، ئەو بەرپرس و کەسانەی کە خزمەتیان بە میللەت نەدەکرد شوێنان نەبوو لای، بارزانیی نەمر دەیفەرموو: دەبێ هەمیشە ئەو کەسانەی کە خزمەت بە کوردستان دەکەن زیاتر زەحمەت بکێشن تاکو میللەت لێیان ڕازی بێت، دەبێ خۆیان بە خزمەتکاری خەڵک بزانن و هەموو کاتێک بارزانیی نەمر ئامۆژگاری پێشمەرگە و بەرپرسی و کادیرەکانی دەکرد دەبێ پاک و دڵسۆز بن و بە دڵسۆزانە خەڵک لە خۆتان ڕازی بکەن و هەموومان پێکەوە خزمەت بۆ میللەت بکەین. بۆیە ئێمەی پێشمەرگەکان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول مال و خێزانی خۆمان بەجێهێشت و بە سەرما و گەرما و برسیەتی و برینداری ولە ناو شاخ و ئەشکەوت و چیایەکان لەگەڵ ڕابەرمان بارزانیی نەمر کوردستانمان پاراست، بارزانیی نەمر زۆر خۆشەویست بوو لای جەماوەر ، زۆر مرۆڤدۆست و کۆمەڵایەتی بوو بەتایبەتی ئەو سالانەی کە لەدەڤەری باڵەکایەتی بووین کە بەڕاستی خەڵکی ئەو دەڤەرەش زۆر خزمەتیان بە شۆڕش کرد لە هەموو ڕوویەکەوە، بارزانیی نەمر مرۆڤێکی دڵسۆز و هەژار دۆست بوو و لە هەموو کاتێک لەگەڵ پێشمەرگە دابووە و ڕابەرێکی بەوەفا بوو هەرگیز چاکە و خزمەتی هیچ کەسێکی تەنانەت بۆ شۆڕشی کورد لە بیر نەدەکرد.


لە کۆتاییدا بۆ یادی 59 ساڵەی بەرپا بوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر مام(عەشقی ئارەب ڕێزانەیی) گوتی: لەو یادەدا نابێ خەبات و تێکۆشان و زەحمەتیی بارزانیی نەمر لە یاد بکەین، سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی هەردووکیان وەک باوکیان هەمان ڕێبازیان هەڵبژارد و ڕۆڵیان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەبووە و دوای نسکۆی شۆڕش لە ئاوارەییدا شۆڕشی گوڵانیان بەرپا کرد و ئێمەی پێشمەرگە بەهەمان نەفەس بوویندەوە پێشمەرگەی گوڵان، نابێ خەباتی پێشمەرگەکانی شۆڕشەکانی بارزان و بەرگری لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەڕین لە یاد بکەین، نابێ خوێنی هەزاران هەزار شەهیدی کوردستان لە یاد بچێت، ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە هەمانە لە سایەی ئەوانەو پشت قایمیشین کە سەرۆک مسعود بارزانی هەر لەسەر ڕێبازی بارزانی نەمر خەبات دەکات و خەڵکی کوردستان هاوکارو پاڵپشتی سیاسەت و هەڵوێستەکانی سەرۆکی خۆشەویستیان سەرۆک مسعود بارزانی بن بۆ یەکخستنی ناو ماڵی کورد، سەربەرزم کە لەو ڕێبازەدا چەند جار بەسەختی بریندار بوومە وباوکم و دوو برا و کەسوکارم شەهید بوون، هەتا دەمرم خۆم بە پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانیی نەمر دەزانم، سوپاس بۆ ڕۆژنامەی خەبات کە ئێمە بە سەر دەکەنەوە و لەم یادەدا سڵاو و درود بۆ هەموو شەهیدەکانی کوردستان و سەر قافلەیان بارزانیی نەمر و کاك ئیدریس دەنێرم.

بەهۆی سەرکردایەتی بارزانیی نەمر و دریژیی ماوەکەی و دەستکەوتەکانی، شۆڕشی ئەیلوول دایکی هەموو شۆڕشەکانە

عومەر عوسمان مێرگەسۆری:

شۆڕشی ئەیلوول چەتری کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی و کریستیان و موسڵمان و ئێزیدی بوو







دیمانە: زانیار سەردار قەرەیی

شۆڕشی ئەیلوول وەك یەکێك لە هەرە گرنگترین وێستگەکانی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان دادەنرێت، کاتێکیش دەسەڵاتدارانی عێراق لە بەڵێنی بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد و بوونی عێراقێکی هاوبەش پەشیمان بوونەوە، بڵێسەی شۆڕشی ئەیلوول و بەرخودان، بە سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی دەستی پێکرد، بۆ یەکەم جاریش بوو رۆڵەکانی گەلی کورد بتوانن شۆڕشێکی وا فراوان و گشتگیر دەست پێ بکەن، کە لە زاخۆ تا خانەقین و تا هەڵەبجە بگرێتەوە، واتە شۆڕشێکی سەرتاسەریی بێت و هەموو باشووری کوردستان بگرێتەوە، دەرئەنجامیش رژێمی ئەو سەردەمەی ناچار کرد بە دانوستان و گفتوگۆی راستەوخۆ و شاندی بااڵی رژێم بەپێی خۆیان سەردانی بارزانی نەمر بکەن لە ناوچە رزگار کراوەکان، لە هەمان کاتیشدا گەلی کورد لەسەر دەستی ئەم سەرکردەیە ببێتە خاوەنی بڕیار و ویستی خۆی و ئیرادەی بۆ گەڕانەوەی کەرامەت و مافەکانی هەبێت.

عومەر عوسمان مێرگەسۆری فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی خەبات و پێشمەرگە و فەرماندە لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان کرد، لە دیمانەیەکی تایبەت بە خەبات سەبارەت بە شۆڕشی ئەیلوول وەاڵمی پرسیارەکانی ئێمە دەداتەوە.

مێژوو نە هەڵە دەکات و نە پەلە دەکات، ئەوەتا بارزانیی نەمر سینبولی کوردستانە و سەرۆك مسعود بارزانی تاکە مەرجەعی گەلی کوردستانە

• هۆکاری هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول بەو شێوە فراوان و گشتگیرییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا رۆڵی مستەفا بارزانی لەو شۆڕشەدا چی بوو؟

- بەهۆی خەباتی بێ وچان و کۆڵنەدان و بەرخودانی پێش شۆڕشی ئەیلوول، کە بارزانیی نەمر ئەنجامی دابوون، هەر لە شەڕی بەرقی لە 1931 و داستانی دوڵی ڤاژیە و ئینجا ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی سەرۆك بارزانی، ئەو لێهاتوویییەی کەسایەتیی خۆی لە شۆڕشەکانی بارزان 1943 و 1945 و بەشداریی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و وەرگرتنی پلەی جەنەڕاڵی و ئینجا خۆ بەدەستەوە نەدانی و ڕووکردنە چیاکانی کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ 3 سوپای بەهێزی رۆژهەاڵتی ناوەڕاست و پەرینەوەی لە ئاراس و مانەوەی 12 ساڵ، ئینجا گەڕانەوەی لە سۆڤیەت و ئەو پێشوازییە مەزنەی لێی کرا لە بەغدا، ئەمانە هەموو هۆکار بوون، کە گەلی کورد گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بارزانی بن و سەرۆکایەتیکردنی لە پارتی دیموکراتی کوردستان، هەمووی پێکەوە گرێدان، بۆ ئەوەی بارزانی لە شۆڕشەکەدا سەرکەوتوو بێ.

• باسی زۆڵم و ستەمی رژێمی عێراقت کرد، خراپترینی ئەو زۆڵم و ستەمە لەو دەمەدا لەچیدا خۆی دەبینییەوە؟

- زۆڵم و ستەمی رژێمەکانی عێراق و نکۆڵیکردنیان لە نەتەوەی کورد، گەورەترین زۆڵمە، کە کراوە، جگە لە زیندانیکردن و دەربەدەرکردنی بارزانی و زیندانیکردنییان، هەروەها بەگشتی ستەم دژی گەلی کوردستان، ئەمانە پاڵنەری شۆڕش بوون و بارزانیی نەمر ژێردەستەیی قبوڵ نەبوو.

•کاریزمایی مستەفا بارزانی پێش شۆڕشەکە و لە شۆڕشەکەدا لەچیدا بوو، بەتایبەتی لای کۆمەاڵتی خەڵکی کوردستان ؟ تا چەند جەماوەری کوردستان پابەند بوون بە فەرمانەکانی بارزانییەوە؟

-ئەوەی لەپێشتر باسم کرد، بارزانی کاریزمایەکی گەورە بووە و شیاوی سەرکردایەتی بوو، ئەوە بۆ پێش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول دەگەڕێتەوە، بارزانیی نەمر ڕووی تەنیا لە چینێك و دوو چینی کۆمەاڵنی خەڵك نەکردووە، تەنیا خۆشی بە پارتی نەدەبەستەوە، بەڵکو خۆی لە ناو هەموو چین و توێژێك دەبینیەوە، لە هەموو هێز و پیاوماقوواڵن و کەسایەتییەکان سوودی وەرگرت، بۆیەش گوێڕایەڵی بوون.

• زۆرجار تۆمەتی ئەوە دەدرێتە پاڵ شۆڕشەکە بەوەی، رژێمی تێران پاڵپشتیی کردوون، یا دەوڵەتانی دیکەی دژ بە عێراق هاوکارییان کردووە، ئەمە تاچەند راستە؟ ئایا گەڕان بەدوای پاڵپشتیکردنی خەڵکی بەشمینەتی کورد ئەرکێکی پیرۆزی مستەفا بارزانی نەبوو؟

-ئەو تۆمەتانە بێ بنەمان، چونکە مەحاڵە هیچ بزاڤێك بتوانێ بە هاوکاریی دەرەکی شۆڕشێکی چەکداری ئەنجام بدات، گرنگ ئەوەیە هەوڵ بدات بۆ خۆی بگاتە ئامانجەکانی. باشترین نموونە ئێران لەگەڵ ڕێککەوتنی ئاداری 1970 نەبوو، بەڵام بارزانی سەرکردایەتیی ڕێککەوتنەکەی کرد و گەورەترین دەستکەوتیان بەدەست هێنا، کە ئەمڕۆ بووەتە بنەمای فیدراڵیەت بۆ باشووری کوردستان، یەکەم جار بووە دەوڵەتێکی گەورە و نەتەوەیەکی زەبەاڵحی وەك عەرەب دان بە مافی گەلی کورددا بنێت، سیاسەتی باش ئەوەیە تۆ کەڵك لە دوژمن وەربگری بۆ ئامانجی خۆت، بارزانی ئەوەی کردووە و گەلی کورد سوودێکی زۆری لێی بینیوە.

•لەناو هەموو خەبات و شۆڕشێکدا کەسانێك هەن، کە ناکۆکی و دووبەرەکی دەخەنە ریزەکانی شۆڕشەوە، ئایا مستەفا بارزانی چ مامەڵەیەکی مرۆییانەی لەگەڵ ئەوانەشدا دەکرد، کە لە ریزەکانی شۆڕش جیا دەبوونەوە؟ مەبەستم لە کوردەکانە؟

-بێ گومان لە هەموو شۆڕش و لە هەموو حزبێك و لە هەموو حوکمەتێك لایەنی موعاریز و تەنانەت ناحەز هەن و ئەبن، بەهۆی دووبەرەکی و زیان دەگەیەنن بەو حزب و شۆڕش و ڕەوتە، بەاڵم بارزانی بە نەفەسێکی زۆر دریژ و فراوان مامەڵەی دەکرد و کردوویەتی بەدووجاریش لەسەر یەك ئەو معارزانەی خۆی عەفوو کردن و بەبێ هیچ ئازارگەیاندنێك پێیان.

• گرنگترین دەستکەوتەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بۆ گەلی کورد، کە خۆی لە ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 دەبینییەوە، چی بوون؟

- دەستکەوتەکانی ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 زۆرن، بۆ یەکەم جار دەوڵەتی عێراق دانی نا بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد، ئەسڵی ئیرادەی شۆڕش بوو لەو ڕووەوە، چوار ساڵ میللەتەکەمان پشوویدا، کۆمەڵێك دەستکەوتی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و زمانەوانی، تەعویز و باوەڕبوون بە شۆڕش و بە مافی خۆی و ناساندنی گەلی کورد بەهۆی ئەوەی خەڵکی کوردستان زیاتر باوەڕی بە خۆی و بە خەباتی خۆی هەبێت و لە کاتی دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە ساڵی 1974 بە سەدان ڕۆشنبیر لە دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستای زانکۆ و نووسەر و ڕۆشنبیر و قوتابیی زانکۆ و ئەفسەر و پلەدار ڕوویان لە شۆڕش کرد. بە مەبەستی پشتیوانیکردن لەو شۆڕشە.

•چەند جارێك دەزگا هەواڵگرییەکانی عێراق هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیان دا، دەکرێت باسی ئەو پیالن و هەوڵانەمان بۆ بکەیت، ئایا کاردانەوەی بارزانی لە بەرامبەریاندا چۆن بوو؟

- بێ گومان ڕژێمی عێراق ویستوویەتی بارزانی لەناو ببات، ئەو بەڵگە گەورەیە ئێستاش ئاسەواری ماوە، کە چۆن ژمارەیەك بەکرێگیراوی خۆی نارد نە بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەران، بەهۆی کاری تیرۆرستی مەبەستی بوو بێتە هۆی لەناوبردنی بارزانی، بەاڵم سەرەڕای ئەو کارە ترسناکە، بارزانی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بووە، هیچ هەڵوێستێکی نائاسایی لە بارزانیدا بەدی نەدەکرا.

•ئەو زەبرە کوشندە نێو دەوڵەتییەی لە مەاڵ مستەفا بارزانی و گەلی کورد درا لە ڕێککەوتنی 6ی ئاداری 1975ی جەزائیر چۆن بوو؟ ئایا بارزانی دەیتوانی ئەو هەموو خەڵکە سیڤڵە و ناوچەی ئارام و گوند و شار و شارۆچکەیە بکاتە قوربانیی بەردەوامبوونی شۆڕشێك، کە لە ڕووی نێودەوڵەتی و لای زلهێزەکانی دنیاوە پشتی تێکرابوو؟

- ئێستا زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە بەرەنگاربوونی ڕێککەوتنەکانی نێودەوڵەتی چ کارەساتێکی بەدوای خۆیدا هێنا و ئەو میللەتە چەند زیانیان پێکەوتووە، بۆ نموونە (لیبیا، تونس، یەمەن، عێراق، سووریا)، بارزانیی نەمر تەمەنی چووبووە سەر، نەخۆشیی مەترسیداری لێ پەیدا ببوو، هەستی بەوە کردبوو، زانیبووی کەسێکی تریش نەبوو لەوە دەمودەستە بتوانێ بە بێ بارزانی خۆی لەبەر ئەو ئەرکە گرانە رابگرێت. سەرەڕای ئەوەی، کە بێ گومان ئەو سێ سوپایەی، کە لە ڕێککەوتنی جەزائیر پێکەوە لەپشتەوە لە خاکی ئێرانەوە دەکەوتنە ناو کوردستان و لەم باروودۆخەدا دەبێ چ بەسەر گەلەکەمان هاتبایە، بۆیە هێورببوونەوەی ئەو دوژمنکارییە پێویست بوو بۆ دووبارە خۆسازدان و سەرکردایەتییەکی تازە و گەنج دریژە بە شۆڕش بدەنەوە و ئەمەش بەزووترین کات کرا، واتە شەش مانگ دوای وەستانی شەڕ، پارتی هەر بەردەوام بوو لە شۆڕش، تەنیا شەڕ وەستابوو.

•هەموو نەتەوەیەك شانازی بە مێژووی پڕ سەروەری و خەباتی سەرکردەکانی دەکات، ئەگەر ئەو ئاواتەشیان بۆ نەهاتبێتەدی، کە لە ژیاندا مابن و گەلەکەیان سەربەخۆ بێت، ئایا بۆ لای هەندێك لە حزبەکانی کوردستان و نەیارانی کورد ڕێگایان نەداوە کورد ببێتە خاوەنی ئەم کولتوورە جوان و دەوڵەمەندە؟

- کەس ناتوانێ ڕێگا لە ڕاستییەکانی مێژووی کارگێڕی بگرێ و کەس ناتوانێ نکۆڵی لە خەباتی بارزانیی نەمر و هەموو سەرکردەکانی مێژوو بکەن، ئەو کارانە زۆر کاتین و زۆر نەزۆکن، گەل بڕیاری خۆی دەدات و مێژوو نە هەڵە دەکات و نە پەلە دەکات، ئەمڕۆ ئەبینین نەك بارزانیی نەمر سمبولی کوردستانە، بەڵکو جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانییش تاکە مەرجەعی گەلی کوردستانە، بە هەموو پێکهاتەکانەوە.

•دەتوانین باڵێین شۆڕشی ئەیلوول دایکی شۆڕشەکانە و سەرەتایەکیشە بۆ شۆڕشەکانی تری گوڵان و ڕاپەڕین و سەربەخۆیی؟

- بێ گومان شۆڕشی ئەیلوول دایکی هەموو شۆڕشەکانە، بەهۆی دریژیی ماوەکەی و بەهۆی سەرکردایەتییەکەی و بەهۆی دەستکەوتەکانیەوە.

•جیاوازیی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ شۆڕشەکانی تر چی بوو؟ کامەیان تۆکمەتر و سەرکەوتووتر و بە نیزامیتر و ڕێکخراوتر و مونەزەمتر بوو؟ بەتایبەت لە ڕووی دیسپلینی سەربازییەوە؟

- شۆڕشی ئەیلوول سەرتاسەری باشووری کوردستانی گرتەوە و بووەتە شۆێنێکی بەرفراوان و ساباتێك، کە هەموو گەلی کورد تێیدا کۆ بوونەوە و بەشدار بوون، بە سەرجەم نەوەکانی کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی و کریستیان و موسڵمان و ئێزیدی و.. جگە لە خۆفرۆشەکان، کە ئەوانیش لەڕێکەوتی 11ی ئادار پەشیمان بوونەوە و هاتنەوە ڕیزی شۆڕش.

•یەکێك لە کارە گەورەکانی شۆڕشی ئەیلوول دامەزراندنی حوکمڕانییەکی سەربەخۆ بوو لە ناوچە نازادکراوەکان و لەدایکبوونی دەیان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەردەوامبوونی ژیان و خوێندن لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، ئایا بارزانی چۆن ئەم هەموو کار و دەستکەوتەی لەو ماوەکورت و کەم توانا دارایی و سەربازییەدا بەدەست هێنان؟

- ماوەکە کەم نەبوو، 10 ساڵ شەڕێکی خوێناوی و گفتگویەکی چڕ و پڕ و هەر جارە و دەستکەوتی زیاتر بەدەست دەهات، بە لێهاتوویی و ئازایەتیی بارزانیی نەمر و سەرکردایەتیی پارتی و بەتایبەت ڕۆڵی ئیدریسی هەمیشە زیندوو و ڕۆڵی سەرۆك مەسعود بارزانی و پاڵپشتیی شێخ ئەحمەدی بارزانی و زۆربەی دڵسۆزانی گەلەکەمان ئەوە بەدەست هات.

• بە بۆچوونی تێوە، هۆکاری دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشە دوای پیالنەکەی جەزائیر، بۆچی دەگەڕێتەوە؟

-شۆڕشی باشووری کوردستان زۆر گەورە بوو و گەیشتە ئاستی دەوڵەتێك، بەهۆی خۆڕاگریی پێشمەرگە نزیکەی دە ساڵی ڕەبەق لە بەرامبەر هێزێکی زەبەاڵح ڕاوەستایەوە، کە زۆر جیاواز بوو لە چەك و تەقەمەنی و پارە و ژمارە و پشتگیریی دەوڵەتانی وەك سۆڤیەت و عەرەبەکان. بۆیە داگیرکەران ترسیان لێ نیشت، کە داننان بە شۆڕشەکە ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ دەوڵەتێکی کوردی، یان مامەڵەکردن لەسەر زەوی و بەردی وڵاتەکەیان و وازهێنان لە ناکۆکییەکانیان، بۆ ئەوەی شۆڕشەکە ڕاگرن، بەاڵم نەك نەیان توانی دایمرکێنن، بەڵکو دوای ماوەیەك شۆڕش هەڵسایەوە سەرپێی خۆی، ئەمڕۆش شاهێدی ئەوەین، ڕەسەنایەتیی شۆڕش و سەرکردایەتیی بارزانی، بەهۆی دریژەپێدانی شۆڕشی ئەیلوول بەناوی شۆڕشی گوڵان، هەر ئەو کادیر و سەرکردە و پێشمەرگانەی ئەیلوول ئەویان کرد و ئەمڕۆش لە مەیدانی خەبات، دوای 74 ساڵ یەکەم پارتی عێراق و یەکەم پارتی کوردستانە، کە پێگەی بەهێزی هەبێت و باشترین سەرۆکی هەبێت و گەنجترین و لێوەشاوترین و بەئەزموونترین سەرۆکی هەرێم و سەرۆك حکوومەتی هەبێت، بە توانا و بە کەسایەتیی گەورەی سەرۆکی پارتیان بەردەوامە لە خەباتی سیاسی و مەدەنییانە.

وون بوون
دەفتەرگەرانی ئۆتۆمبێل ژمارە ٢٠٧٢٠٦ هەولێر/ تایبەت لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی صفا سامان عبداللە وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە: ١٧٨١/ب٢٠١٩/٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٩
جاردان
داواکار: امثل فاضل حسن و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: سعاد أدیب علی و ها و بە شە کا نی
شوێنی مولك: هەولێر/ بازاری گەورە قەیسەری نزیك چایخانەی قەرزاران
ژمارەی مولك: ٧١٨ سوق
پێکهاتەی سەری: یەك دوکانی لەسەر دروستکراوە.
ڕووبەر: ١١,٦٣ م٢
نیشتەجێ: کەسی تێدانیە بەتاڵە
نرخی خەملاندن: ١٦٧,٤٨٣,٠٠٠
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لەداوای ژمارە ١٧٨١/ب٢٠١٩/٤ ازالة شیوع نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی ڕۆژانە جاهەرکەسێك نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابین کردنی بارمتەی یاسایی بەرێژەی ١٠٪ لەنرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات هەر زیاد بوونێك دوای (٥) خولەك کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
* * *
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
هۆبەی سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە: ٢١٢٦/٢/٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٨
بۆ/ بەڕێز (د. اسماعیل اسعد اسماعیل) بەناونیشانی (مامۆستا)
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
لەبەر دەستبەکارنەبوونەوەت دوای تەواوبوونی مۆڵەتی نەخۆشی لە ٢٠٢٠/٤/٢ داوات لێ دەکەین بگەڕێیەوە سەر کار لەماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئاگاداریەمان لەیەکێك لە ڕۆژنامە فەرمیەکان بەپێچەوانەوە دەستەبەردار دەبیت لەکارەکەت بەپێی برگەی ٤ مادەی ٣٧ لەیاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو.
پ.ی.د. سیروان عارب صادق
ڕاگری کۆلێژ
* * *
ئاگاداری
ماڵپەری ئەلیکترۆنی بەناوی هامۆ میدیا کە خاوەن ئیمتیازەکەی ڕێکخراوی بایۆ سۆشیالە و سەرنوسەرەکەی هەڵمەت حەسەن حوسێن بارەگای سەرەکی لەشاری هەولێر دەبێت بەزمانی کوردی و عەرەبی بەشێوەیەکی ڕۆژانە دەردەچێت هەرکەسێك تێبینی یان لاری هەیە پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفۆنەوە ٠٧٥٠١٩٠٤١٤٠.
* * *
فەرمانگەی دادنوسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٩
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (احمد سیروان خدر) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ.کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنوسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- کەتەری ماسیکەی P.V.C ژمارە/ ٦٥.A دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٢- کەتەری عدل و زاویەی P.V.C ژمارە/ ٦٠.A دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٧٥.
٣- ترشیح کردنی حرف T P.V.C ژمارە/ ٦٢.A دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٤- دەرهێنانی کیلۆن و نەرمادەی P.V.C ژمارە/ ٦٨.A دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.
٥- لەحیم کردنی P.V.C ژمارە/ ٥٨.A دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢٥ امپێر.
٦- خاوێن کردنەوەی شوێنی لەحیم P.V.C ژمارە/ ٦٦.A دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢٥ امپێر.
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە/ ٢٩٩٨/ ب/٢/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (المدیر المفوض لشرکە (ڕەوای بڕیار) للشؤون الامنیة/ المحدودة اضافة الی وظیفته)
داواکار (احمد کریم پیرداوود/ المدیر المفوض لشرکە کورش للخدمات الامنیە/ المحدودة اضافة الی وظیفته) داوای ژمارە ٢٩٩٨/ ب/٢ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (المدیر المفوض لشرکە (ڕەوای بڕیار) للشؤون الامنیة/ المحدودة اضافة الی وظیفته) وە لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکی کۆمپانیا نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکەکانی ئاشتی و مارت شمونی لە ٢٠١٩/١٢/١٩ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١٠/١٩) کات (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ قباد شێرزاد نوری
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:٧٢٨/ش٢٠٢٠/١
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٩/٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (مافی اکرم موسی) شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکاری هاوسەرت (مخلص محمد علی) داوای ژمارە (٧٢٨/ش٢٠٢٠/١) لەم دادگایە تۆمارکردووە لە داواکە داوای (اثبات زواج) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر گەرەکی شاویس) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت بۆ ئامادەبوونت خۆت یان جێگرێکی یاسایی لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٩/٢٨ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی دەرحەقت بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە: ١٢٢٤/ب٢٠١٩/٥
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٩/٩
داواکار: سلێمان اسماعیل حسن و هاوبەشەکان
داوالێکراو: اکرم اسماعیل حسن و هاوبەشەکانی
شوێنی مولك: هەولێر – کوران- جادەی ئەلبان
ژمارەی مولك: (٣٧٩/٢١٨) ك ٤٤ وارش
پێکهاتەی سەری: خانوێکی لەسەر دروستکراوە لەگەڵ پارچە زەویەکی بەتاڵ خانووەکە دوو نهۆمە نهۆمی یەکەم ٣ ژوور هۆڵ و چێشتخانەو تەوالێت نهۆمی دووەم ٢ ژوور و گەرما و توالێت.
ڕووبەر: ٤٠٩,٦٠ م٢
نیشتەجێ: پەروین اسماعیل حسن کرێ مانگانە نادات هاوبەشە لەکاتی فرۆشتن دەرناچێ.
نرخی خەملاندن:٥٦١,٤٦٠,٠٠٠
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ١٢٢٤/ب٢٠١٩/٥ (ازالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
* * *
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١١٣
ڕێکەوت: ٩ / ٩ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٣٥) بۆ جاری دووەم
پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی رواندوز + خەلیفان + بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٣ / ٩ / ٢٠٢٠ دەبێت.
وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا یان تایبەت بێت بە خاوێنکردنەوە و مۆڵەتی نوێ کرابێتەوە.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەڵ تەندەر پێشکەش بکرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا یان نوسینگە نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار.
تێبینی: بەپێی ڕێنماییەکانی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ فرۆشتنی تەندەر (٢ دوو) ڕۆژ پێش کردنەوە رادەگیرێت.
د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
* * *
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی دەشتی هەولێر
بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانووبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٦٠٢٥ لە گەرەکی ٨٦ بنصلاوە لەرێکەوتی: ٢٠٢٠/٩/٩ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی مادده (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی/١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بڕیارم دا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی رجب محمد رشید بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی مادده (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژبڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی/ نیگار احمد محمد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ هونەری
ژمارە:٢٦٤٤
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٩/٨
جاردانی داواکاری سەر لەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٨ پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواوی خانووبەرەی زنجیرە (١١٢/١٩٧) کەرتی (٤٥ وارش) گەرەك (سێتاقان) بەناوی (حسین امین حسین) کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەنداریەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵابکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم بەڕێوەبەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆڕینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.
بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید أدم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردنی سۆران
ژمارەی دۆسیە : ٢٠٢٠/٣٦١
ڕێکەوت : ٢٠٢٠/٩/٧
ئاگاداری
بۆ/قەرزدار (مەزن عبدالقادر صوفی)
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتە جێبوونت بۆیە بە پێ ی ماددەی (٢٧) لە یاسای جێ بە جێ کردن بڕیار درا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادە بیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بە جێ کردنی دانەوەی قەرزی (دیار عبدالستار غائب) کە بڕی (١٠٨٣٥٠٠٠٠٠) یەك ملیار و هەشتا و سێ ملیۆن و پێنجسەد هەزار) دینارە.
جێ بە جێ کاری داد/ سیروان سلیم اسعد
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ١٩٣/ب/٢٠٢٠
ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/٩/٨
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (هندیة مصطو سلیمان) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە داواکار (جاسم حاجی حمو) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیارکری تومارکریە دژی تە داوا دکەت دانا پارێ وی لتە کوژمێ (١٥٠٠٠٠٠٠) پازدە ملیون دینار عیراقی وەك دەین دابونەتە (قرضة حسنة) ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندێ مام شفانا ئیك ل کومەلگەها خانکێ ل روژا ٢٠٢٠/٩/١ بۆیە دادگەها بریاردا تە ب ڕێکا دوو روژنامەی ناوخویی روژانەدا ئاگەهدار بکەین ئامادەبی ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢٠٢٠/٩/٢٠ دەمژمێر نەهی سپێدێ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەکرن ب پاش ملە ل دیف یاسایێ
دادوەر / قیصر صائب صلاح
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٣٦٩ /ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٩ / ٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : حسین سعید ابدال
ل دیف داخوازا داواکار(ذکری محمد خلف) وکێشا ژمارە (٣٦٩ /ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون (التفریق) و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (کاریز) یا ژمارە (٢٦٢٨) ل (٩/٢ /٢٠٢٠) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخا (هیزل) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو روژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٩ /٩/ ٢٠٢٠) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامەدەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٣٣١ /ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ١٠ / ٩ / ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داوالیکراوی : اشواق یاسین عبدالعزاوی
ل دیف داخوازیا داواکار(دلوڤان سعداللە مصطفی) وکێشا ژمارە (٣٣١ /ش/٢٠٢٠) بو پەسەندکرنا تەلاقا داواکاری ژتە ل روژا (٢٠١٩/٥/٨) بەرامبەری ڤێ دادگەهێ و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (مانگێش) یا ژمارە (١١٨٥) ل (٣١ / ٨ /٢٠٢٠) و نڤیسارا بەربژارێ گوندێ (بروشکێ) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢٠ /٩ /٢٠٢٠ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان برێکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی / ٣
ژمارە : ٩٩٤ / ب / ٢٠٢٠
بەروار : ٩ / ٩ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
بۆ داوالەسەرکراو : (شەیما حسن احمد)
داواکار بەناوی (شیلان حسن احمد) لەبەردەم ئەم دادگایە داوایەکیان لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (٩٩٤ / ب / ٢٠٢٠) کە تێیدا داوای گەڕانەوەی نیوەی بەهای موڵکی ژمارە (٣ – ٣ p) کە بڕی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سی ملیۆن دیناری عێراقیە دەکات، لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان لە ئێستادا نادیارە، بۆ یە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی فەرمی ڕۆژانە بەمەبەستی ئاگاداربونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢٧ کاتژمێر (٩:٠٠) یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبێت بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .
دادوەر / سۆران عمر محوی
* * *
دادگای باری کەسێتی هەڵەبجە
ژمارە : ٤٦٩ / ش / ٢٠٢٠
بەروار / ٨ / ٩ / ٢٠٢٠
بۆ / داوا لەسەرکراو(سجی حسن محمد)
کە شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە
ئاگاداری
داواکار (هەڵۆ علی قادر) داوایەکی بە ژمارە (٤٦٩ / ش / ٢٠٢٠) لە دژت تۆمارکردووە کە تیایدا (داوای ڕاستاندنی تەڵاق دەکات) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ بە ئامادەبونی خۆت یان بریکاری یاساییت لە دادگاکەمان لە بەرواری (٢٠٢٠/١٠/١٣) بەمەبەستی دادبینی بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئامادەنەبوون (غیابی).
دادوەر / فریق حمە صالح عبداللە
* * *
دادگای باری کەسێتی هەڵەبجە
ژمارە : ٤٦٨ / ش / ٢٠٢٠
بەروار / ٨ / ٩ / ٢٠٢٠
بۆ / داوا لەسەرکراو(دەشنێ درسیم جلال)
کە شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە
ئاگاداری
داواکار (هەڵۆ علی قادر) داوایەکی بە ژمارە (٤٦٨ / ش / ٢٠٢٠) لە دژت تۆمارکردووە کە تیایدا (داوای ڕاستاندنی تەڵاق دەکات) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ بە ئامادەبونی خۆت یان بریکاری یاساییت لە دادگاکەمان لە بەرواری (٢٠٢٠/١٠/١٣) بەمەبەستی دادبینی بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئامادەنەبوون (غیابی).
دادوەر / فریق حمە صالح عبداللە
* * *
دادگای باری کەسێتی / ٣
ژمارە: ١٦٥٢/ ش / ٢٠٢٠
بەروار: ٩ / ٩ / ٢٠٢٠
ئاگانامە
داواکار : عثمان عبداللە سلطان
داوالەسەرکراو : رفیقە محمد حسین
داواکار (عثمان عبداللە سلطان) داوایەکی بە ژمارە (١٦٥٢/ ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایە داوای (تەڵاقدان پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەوەی دادگا) دەکات، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار. دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە، وە ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/١٠/١٤) سەعات (١١:٠٠) ی سەرلەبەیانی، بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەر / محمد مصطفی رسول
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ١٠٥٥/ب٢٠٢٠/٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٨
جاردان
بۆ/داوالێکراو (منی متی درمان)
داواکار(نوفل متی درمال) داوای ژمارە (١٠٥٥/ب٢٠٢٠/٤) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگاری هەولێر/ ناحیەی عەنکاوە/گەڕەکی ئاشتی) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ناوەخۆیی ڕۆژانە، بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٠/١٠/١) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە.
دادوەر/کاوە صدیق حسین
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە: ٦٣٦٦/ش٢٠٢٠/٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٩
جاردان
بۆ/داوالێکراو (اسراء صباح خیری)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سلام دهام محمد) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە (٦٣٦٦/ش٢٠١٩/٦) تیایدا داوای (نشوزی) دەکات وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی ئیشعاری موختاری (کۆمەڵگای مەلا ئۆمەر) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١٠/١٥) کاتژمێر ٩ی بەیانی.
دادوەر/مازن مظفر محمد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/١٤٩٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٩
جاردان:
بۆ قەرزار (کۆمپانیای -Teampro IRAQ بەڕێوەبەری ڕێپدراوە) شوێنی نیشتەجێی نادیارە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونتان و نیشتەنی هەمیشەیی یان کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی ماددەی (٢٧) یاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بە بڕیاری گلدانەوەی جێبەجێکردن (الحجز التنفیذی) لەسەر سامانی گوازراوە (کەلوپەل) لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرتان ئامادە بن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ماوەی (٣) سێ ڕۆ ژلە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بڕی پارەی (٢١٩,٤٨١,١١٠) دینار بۆ خاوەن قەرز (کۆمپانیای کاریزلۆجستیك) بە پێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی (کەلوپەلەکان گلدراو) ئاماژەی پێ کراو بەپێی یاسا.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دباغ
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ١٧/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٠
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٢٠٧٩/هەولێر-تایبەت) جۆری (هۆندای تۆکسۆن) مۆدێل (٢٠٠٩) رەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (شێرزاد کریم قادر) لەرۆژی (٢٠٢٠/٩/٢٧) کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت» وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بە نرخی (١١,٥٠٠,٠٠٠) دینار.
دادوەری یەکەم/دیار محمد علی
* * *
پارێزگای هەڵەبجە
کۆدی پرۆژە (١١ TA - ٢٠٢٠)
کەمکردنەوەی نهێنی /بانگهێشتی (کراوە)
ژمارە: ١١
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٦
بۆ پرۆژەی: (دروستکردنی هۆڵی فریاکەوتنی خورمال)
پارێزگای هەڵەبجە بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا و بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کەمکردنەوەیە با سەردانی بینای پارێزگای هەڵەبجە (کاروباری هونەری/ب. ئەندازە/فرۆشتنی تەندەر) بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر ٥٠,٠٠٠ پەنجا هەزار دیناری عیراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
زانیاری:
١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٩/١٣) دەست پێ دەکات تا (٢٠٢٠/٩/٢٧) ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩)ی سەرلە بەیانی تا کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ.
٢- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠٢٠/٩/٣٠) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ.
٣- ڕۆژی کردنەوەی ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٩/٣٠) کات ژمێری (١١:٠٠) پێش نیوەڕۆ دەبێت.
٤- هەر ڕۆژێك لەو ڕێکەوتانەی لەسەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشووەکە دەبێت.
٥- ماوەی جێبەجێکردی پرۆژەکە بریتیە لە: (١٨٠) سەدو هەشتا ڕۆژی (ڕۆژمێری).
٦- ماوەی بەسەرچونی تەندەر (٩٠) ڕۆژ لە دوای بەرواری داخستنی وصندوقی تەندەر.
٧- پارێزگای هەڵەبجە پابەند نیە بە کەمتریت نرخ.
((مەرجەکانی بەشداری کردن))
١- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن، تۆمارکرابن لەلایەن وەزارەتی پلاندانان.
٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە نیشتمانییانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە تۆمار بن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.
٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشداری کەمکردنەوەکە دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازگانی هەرێم.
٤- هیچ تەندەرێك لە دوای وادەی دیاریکراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٥- ئەستۆپاکی باجی دەرامەت بهێنرێت بۆ ساڵی ٢٠٢٠.
٦- بارمتەی یاسای بەشێوەی بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر دەبێت.
٧- پێویستە بەڵێندەر یان نوێنەری متمانەپێکراو ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت بە پێچەوانەوە پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت.
٨- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێشکەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.
٩- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email)ی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات.
١٠- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە(٢)ی ساڵی (٢٠١٦) و مەرجە گشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عیراق بەشی (١،٢) بێت.
کاوە علی کریم
جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری
* * *

وەزارەتی ناوخۆ/ پارێزگای هەڵەبجە
(بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی)
ژمارە: ١٨١٢/١
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٩
دریژکردنەوەی ماوەی بانگەواز
بریارماندا بەدرێژکردنەوەی ماوەی بانگەواز بۆ تەندەری پرۆژەی:
(دروستکردنی تەنکی ئاوی ٢٠٠م٣ بۆ ناحیەی بەمۆ) بەکۆدی (AW ٩ – ٢٠٢٠) بۆ ماوەی ٨ رۆژ.
* رۆژانی فرۆشتنی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ٢٠٢٠/٩/١٦ کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ.
* رۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ٢٠٢٠/٩/٢١ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەرۆ.
* رۆژی کردنەوە و ئاشکرا کردنی تەندەر ٢٠٢٠/٩/٢١ دەبێت کاتژمێر ١١ پێش نیوەرۆ.
* بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە (ئەندازیار نەبەز صادق) بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٥٠١١١٧٥٩٦)
کاوە علی کریم
جێگری پارێزگاری هەڵەبجە
***
وەزارەتی ناوخۆ/ پارێزگای هەڵەبجە
(بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی)
ژمارە: ١٨١٣/١
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٩
دریژکردنەوەی ماوەی بانگەواز
بریارماندا بەدرێژکردنەوەی ماوەی بانگەواز بۆ تەندەری پرۆژەی:
(لێدانی بیری ئاو و تەواوکاری تۆڕی ئاوی گەڕەکی شەهیدان لەناحیەی سیروان) بەکۆدی (AW ١٠ – ٢٠٢٠) بۆ ماوەی ٨ رۆژ.
* رۆژانی فرۆشتنی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ٢٠٢٠/٩/١٦ کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ.
* رۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا ٢٠٢٠/٩/٢٠ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەرۆ.
* رۆژی کردنەوە و ئاشکرا کردنی تەندەر ٢٠٢٠/٩/٢٠ دەبێت کاتژمێر ١١ پێش نیوەرۆ.
* بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە (ئەندازیار نەبەز صادق) بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٥٠١١١٧٥٩٦)
کاوە علی کریم
جێگری پارێزگاری هەڵەبجە
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٤٠٦٣
رێکەوت/٢٠٢٠/٩/١٠
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٥٩/٩٩١ کە کەوتوتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار سیروان محمدامین شهاب کە گلدانەوەی خراوتەوە سەر لەجیاتی قەرزی کارزان مغدید کانبی بەبڕی/ ٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئاڕەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرپیارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزە
١ – شوێن و ژمارەی/ ٣٥٩/٩٩١ ك ٤٥ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە خانوێك دوو نهۆم یەکەم لە سێ ژوور و هۆل و حمام و مرافق دووەم دوو ژوور و هۆل و حمام و مرافق واجهەی کاشی مرمر
٥ – رووبەرەکەی/
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ قەرزار داوای مانەوەی کرد
٨ – نرخی قرساو/ ١٥٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/١٢٣٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٠
ئاگاداری
بۆ/ قەرزار (خلیل کریم یاسین)
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (گوران خورشید قادر) کە بڕی (٢٤,٦٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ کالی قادر پیرۆت
***
ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١٨/٣٠٠/١/١
رێکەفت: ٢٠٢٠/٩/٧
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کڕێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کڕێکرنا دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کڕیدانا (٧) دوکان ل بازارێ دووێ و سێ ل کەرتێ (٦٣) بەردەرەش مەزن بو ماوێ (٢) دوو سالا هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێڤانیا بەردەرەش بکەت د ماوێ ١٥ پازدە روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەف سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێڤانی یا بەردەرەش دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٧
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سەنتەری میدیای پزیشکی) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (شەقامی ٦٠ مەتری) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت
تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس/ شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- دوو سۆنەری تۆماتیك ژمارە/ SIAJM٣HK٢٠٠٠٢P – SIAJM٣HK٨٠٠٠٥٢F دروستکراوی کۆری مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای VA٦٢٠.
٢- ئەشیعەی مەمك تۆماتیك ژمارە/ ٦٩٨٢٨٠BU٥ دروستکراوی فرنسی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A١٠.
ئیکۆی دڵ پشکنین ژمارە/ ٠٤٣١VS٥ دروستکراوی ئیسرائیل مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥٠٠VA.
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٩
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (جەفەر سبتی سعید) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (رێگای بحرکە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت
تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- تێکردنی خۆراك بۆ ناو کیسە و کپس کردن ژمارە/ ١٣٢٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠. قایش کۆنڤایەر
٢- هۆبەر و مصعدی تێکردن و بەسەرخستنی خۆراك بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠ ٢ پا ر چە یی .
٣- درایەری ووشك کردنی رتوبەت ژمارە/ ٢١١٨MA١١٨٦٣ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٣٨.
٤- کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٢٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣.
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هە و لێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٩
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (چەتۆ رسول حسین) لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (رێگای بەستۆرە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت
تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس/ شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- لابردنی پەلکی پەتاتە ژمارە/ ١٠٠٤ دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣. بالابەر
٢- دوودانە شوشتنی پەتاتە ژمارە/ ١٠٠٦ + ١٠٠٢ دروستکراوی ئیرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ *١.
٣- برینی پەتاتە ژمارە/ ١٠٠٥ دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
٤- دووەدانە ووشك کەرەوەی پەتاتە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢*٠,٧٥. ١٠٠٧
٥- قایش کۆنڤایەری جیاکردنی حەجمی پەتاتەکان مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١. ١٠٠٧
٦- حەزوی سۆرکردن و برژاندنی پەتاتە مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا و غاز توانای K.W٥. گەورە/١٠١٣
٧- مصعدی بالابەری بەرزکردنی پەتاتە بۆ ئاو تێکردن ژمارە/ ١٠٠٩ دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥.
٨- تێکردن و وەزن و کەپس و لێدانی بەروار ژمارە/ ١٠١٠ دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵەدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٢٠٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢٥) ك (٣٢) باسرمە رێگای هەولێر- هەریر/ باسرمە) کە بەنزینخانەیەکی لەسەر دروست کراوە بۆ ماوەی (١٥) ساڵی تر بە زیاد کردنی ناشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێنی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان
و خانووبەرەی میری
***



ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (سفین تیل) بۆ بازرگانی گشتی و تەکنەلۆجیای زانیاری/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – مصیف صلاح الدین گەرەکی زاگروس)

پاکتاوکار/ ایمداد یحیی خضر

ناونیشان/ مصیف صلاح الدین/ گەرەکی زاگروس

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٤٦٩٦٦

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٣٧٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٠
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (F EXY) بۆ دۆزینەوەی هەلی کار/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت



سامۆیل بێکێت و ئاهەنگی بێهودەیی

نووسینی/ ئاپریل ئۆستن



ئەو گفتوگۆیانەم هەردەم لە یادە کە لە کاتی خوێندنی شانۆ لە پۆل دەربارەی کارەکانی بێکێت و هارۆلد پینتەر سازمان دەکرد. ئەوسا مامۆستاکەمان بەپێداگرتنەوە پێشمان دەکەوت، لەوەی شانۆگەریەکانی ئەوانە لەبەر قورسی وەسفکردنیان وەلانراون، وەك ئەو گۆرانیانە وان کە بە بەردەوامی مرۆڤ لە دونیای بێهودەیی هەڵدەگرن. هەر کە سەیری نمایشکردنی (لە چاوەڕوانی گۆدۆ) ی بێکێتشم دەکرد، سەرنجی شێوەی دەنگەکانم دەدا کە دیالۆگەکان بریتیبوون لە مینگ و زۆر بڵێیی ئاسایی. تێبیدا هێلێکی ئاشکرای ڕووداوەکانیشم نەدەبینی. تەنیا دوو دەرۆزەکەر هەنە و لە چاوەڕوانی دروستکراوێکی نادیاردان کە گۆدۆی ناوە و بۆ ئەوە دێت تا لە کۆیلایەتی سەردەمە بێبەزەییەکان رزگاریان بکات. ئەوسا مامۆستاکەمان ئەوەی بۆ گێڕاینەوە، یەك لە نووسەرەکان لە سەر شانۆگەریەکە وەهای نووسیوە (هیچ شتێك لە گۆدۆ دووجار ڕووناداوات). ئەو ڕاستگۆییە چەندە جوانە. یەکەمجار لە کۆتایی بەشی یەکەمی ئەو بەرهەمەدا وام لە خەیاڵداهات کارەکە بە کۆتا گەیشت، هەرچەندە ئەو کات دەمپرسی، بۆچی ئەو دوو سواڵکەرە شەپقەی خڕی ڕەشیان لەسەرە، بەڵام پرسیارەکەم لە دەروونی خۆمدا دەهێشتەوە.

وەرگێڕانی لە عەرەبی/ ئاکۆ عەبدوڵا

دوای کۆتایهاتنی شانۆگەریەکە، هاوڕێ قوتابییەکانم ئاهی کاریگەری زۆریان بۆ ئەو کارە هەڵدەکێشا، بەڵام نازانم بۆچی ئەوسا من نەمدەتوانی لەیەك لە شاکارە نوێیەکانی سەدەی بیستەمدا بگەم. ناتوانم بەبیر خۆشمی بهێنمەوە کەیێ ئەو کارە زۆر کاری تێکردم، کە ئەوە لە شەو و ڕۆژێکدا ڕووینەداوە، بەڵکو دۆزەکە لەوەدا چڕبۆتەوە کە ئەوسا بە گەرانەوە Resonnance ناودەبرا. ئەو وشەیەش ئەو ڕۆژگارە لە بەشی شانۆ بۆ وەسفکردنی ئەو شتە بەکاردەهات کە ناخی مرۆڤ دەجوڵێنێ.

کە لە کۆلیژبووم لە خۆم ڕانەدەبینی لە ماڵ و چوارچیوەی کار بچمە ناو دونیای گەوران و حەتمیەتی ڕووبەڕووبونەوەی ڕێچکە تۆندوتیژەکانی ڕۆتین ببمەوە. ئەو ڕۆتینەی کە چیژ و سادەیی باوکم و برادەرەکانی فەوتاند. لە گەشتێکی ئۆتۆمبیلدا بۆ ئەو شوێنەی لەگەڵ بێکێت دەکات کە ساڵی١٩٧١ لە قاوەخانەیەکی پاریس ڕوویدا. ئەو قوتابییە کە لە هەوادارانی بێکێتە ئەوە دەگێڕێتەوە (بۆ ماوەی کاتژمێرێك دوو قۆڵی باسیان لە ئەدەب کرد. لەو دانیشتنەشدا بێکێت هەستی بە دەستکورتی من کرد). بۆ هەمان شەو بەڕیوەبەرایەتی کۆلیژ قوتابییەکەی بانگکرد و ئەو پارەیەی پێدا کە بێکێت وەك خەرجی ڕۆژانە بۆی ناردبوو.

کەسایەتی نووسەر هەر چۆنێك بێت، شانۆگەریەکی دیکەی وەهای نەنووسی کە ناوی خۆی پێوە بلکێت، هەروەك ئەوەی لەگەڵ گۆدۆدا ڕوویدا. زمانیشی بەو جۆرە بەکارنەهێنرا هەروەك ئەوەی هاواری ڤلادیمێر و ئۆستراگۆن پێدەکرێ. ئەمە و زۆر بە کەمیش شێوازی نووسەرانی سەدەی بیستەم گەیشتە ئەو توانایەی کە بێکێت پێیگەیشت، هەروەك ئەوەی ئید ڕۆم وەسفی دەکات بە (شۆڕبوونەوە بەرەو خاڵی وونبوون). ئەوەی ئەمڕۆ لە ناخمدا دەنگدەداتەوە بریتییە لە ستایل و نامۆیی نووسینی بێکێت. تاکە کەسێك چۆن دەتوانێت بە تەواوی بۆ سەدان هەزار مرۆڤ، پتەوی و نەرمی و نیانی دەروونی مرۆڤ بەدیاربخات. یاخود چۆن دەتوانێت وەسفی ئەو گاڵتەجارییە بکات کە هیچ لێکدانەوەیەکی لە دواوەی ژیانی مرۆڤ دانییە. ئەمە ئەو شتەیە کە لەو کۆلیژە فێری بووم کە تا هەتایە لە یادم ناچێت.

گۆدۆ. ئەو شانۆگەریەی وەهام لێکرد پێویستم بە وەڵامی پرسیاری لەو جۆرە بێت، بۆچی خەڵکی هیوایان بە لێبوردەیی خوداوەند هەیە و خۆشیان ناتوانن لەو کارانە بگەن کە دەیانپارێزێت، یاخود بەر نەفرەتیان دەخات؟ سنووری ئەو لەبارییە چییە بۆ ئەو هیوایەمان؟ شێوەی ئەو هیوایە چۆن بوو لەو کاتەی کە سنووری ئارام دەبەزێنرێت؟ ئەمەش ئەوەیە کە ڤلادیمێر و ئۆستراگۆن بە ڕێچکەکانی دڵڕەقی و خۆشەویستی دەردەبڕن.

شانۆگەری گۆدۆ شانۆگەریەکی قورسە. یەك لە هۆیەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بێکێت بۆ خۆی دژایەتی شانۆ و لانی کەم شانۆی لاساییکردنەوەی دەکرد، بڕوای نە بە گڕێچینی هەبوو نە بە کەسایەتی و نە بە ڕۆڵەکان و ڕێزبەندی گێڕانەوە. هەروەها هەموو ئەو شتانەی یارمەتی بینەریش دەدەن لە بینین و بیستندا. بێکێت شێوازی شانۆیی مەیبوی خاوکردەوە و شکاندی بۆ گەیشتن بە خاڵی قورس لە ئەزموونی مرۆڤایەتیدا. ئەوانەی کە وەهای دەبینی بریتییە لە کێشەیەکی شپرزە و پێکەنیناوی و دڕندە و هەندێك جاریش دڵخۆشکەر. هەروەك ئەوەی گوێم لێبووە بێکێت مرۆڤێکی خراپکردار و لامل و پێدابگربوو، لەسەر پێشکەشکردنی تەواوی کارەکانی لە سەر شانۆ. هەروەها گوێشم لێبووە بەخشندە و بە بەزەیش بووە. لە نامەیەك بۆ ڕۆژنامەی نیو یۆرك تایمز قوتابییەك ئینگلیزیەکان دەڵێن : «یەك لە دزەکان بەوانی دیکە دەگات کە گاڵتەیان بە مەسیح دەکرد، کەچی دزێکی دیکە لۆمەی دەکا و رزگاریشی دەکا». جا ئەگەر نووسەرمان شەیدای ئەو چیرۆکە ئایینیانەش نەبووبێت، ئەوە بڕوای بەوە هەبووە وشەکان تاکە شتن کە بڕیاری چارەنووسی ئەو دوو پیاوە بدەن. ئەوەی کە ڕێبێتێدەچێت پێچەوانەش بێت ئەوەیە، ئەو گاڵتە قورسە لە خودی بێکێتەوە بێت.

ڤلادیمێر دەڵێت :«یەك لە دزەکان ڕزگاری کرد..». ئەمە ڕێژەیەکی لە بارە. مارتن ئیسلین باسی ئەوە دەکا بێکێت جارکێکیان ئاماژەی بەیەکێك لە پارچەکانی قەدیس ئۆگستین دا (بێهیوا مەبە یەك لە دزەکان ڕزگاری کرد، لەو بڕوایەش مەبە دزەکانی دیکە نەفرەتییان لێکردبێ). ئەوەش بەڵگەیە لەسەر دروستی خوێندنەوەی ئایینیی بۆ شانۆگەریەکەی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٠ کردووە. بێگومان لە هەندێك پێشبینی سەرکەوتووبووە لەوانە بەرەوپێشچوونی ئوتۆمبیل و شەمەندەفەر و لەبارچوونی بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان و شکست هێنانی هێزی سەربازی ئەڵمانی و سەرهەڵدانی یەکێتی ئەوروپی. بەڵام لە هەندێك پێشبینی بەهەڵداچووبوو، لەوانە وەهای دەزانی تا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ فڕین و فڕۆکەوانی سەرکەوتوونابێت.

ویلز وەك مرۆڤێکی سۆشیالیستیخواز چیووە پاڵ کۆمەڵەی فابی لە لەندەن، بەڵام هێندەی پێنەچیوو لەگەڵ ڕابەرەکانی ئەو کۆمەڵەیە، لەوانە برناد شۆ نێوانی تێکچیوو. ئەو ئەزموونەی لە پەرتووکی (مایکاڤیلی نوێ) ڕەنگدەداتەوە کەتێبیدا وەسفی ئەندامانی کۆمەڵەی ناوبراوی کردووە. لە ساڵی ١٩١٣ کتێبی (جیهان ئازاد دەبێت) ی بڵاوەکردەوە کە تێیدا مرۆڤ لە مەترسی جەنگەکان ئاگادارەدەکاتەوە و پێشبینی ڕوودانی جەنگێکی مسۆگەر و توانستی ئامادەکردنی بۆمبی گەردیلەیش کردووە، کە ئەو جۆرە بۆمبە دەتوانێت شارێکی تەواو وێران بکات. دەڵێن زانایان لەو پەرتووکە ببرۆکەی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمییان وەرگرتووە. ساڵی ١٩٢٠ پەرتوکێکی دوو بەرگی بەناوی (کورتەی مێژووی جیهان) بڵاوکردەوە، باس لە گەیشتنی لەگەڵ بێکێت دەکات کە ساڵی١٩٧١ لە قاوەخانەیەکی پاریس ڕوویدا. ئەو قوتابییە کە لە هەوادارانی بێکێتە ئەوەی دەگێڕێتەوە (بۆ ماوەی کاتژمێرێك دوو قۆڵی باسیان لە ئەدەب کرد. لەو دانیشتنەشدا بێکێت هەستی بە دەستکورتی من کرد). بۆ هەمان شەو بەڕیوەبەرایەتی کۆلیژ قوتابییەکەی بانگکرد و ئەو پارەیەی پێدا کە بێکێت وەك خەرجی ڕۆژانە بۆی ناردبوو.

کەسایەتی نووسەر هەر چۆنێك بێت، شانۆگەریەکی دیکەی وەهای نەنووسی کە ناوی خۆی پێوە بلکێت، هەروەك ئەوەی لەگەڵ گۆدۆدا ڕوویدا. زمانیشی بەو جۆرە بەکارنەهێنرا هەروەك ئەوەی هاواری ڤلادیمێر و ئۆستراگۆن پێدەکرێ. ئەمە و زۆر بە کەمیش شێوازی نووسەرانی سەدەی بیستەم گەیشتە ئەو توانایەی کە بێکێت پێیگەیشت، هەروەك ئەوەی ئید ڕۆم وەسفی دەکات بە (شۆڕبوونەوە بەرەو خاڵی وونبوون). ئەوەی ئەمڕۆ لە ناخمدا دەنگدەداتەوە بریتییە لە ستایل و نامۆیی نووسینی بێکێت. تاکە کەسێك چۆن دەتوانێت بە تەواوی بۆ سەدان هەزار مرۆڤ، پتەوی و نەرمی و نیانی دەروونی مرۆڤ بەدیاربخات. یاخود چۆن دەتوانێت وەسفی ئەو گاڵتەجارییە بکات کە هیچ لێکدانەوەیەکی لە دواوەی ژیانی مرۆڤ دانییە. ئەمە ئەو شتەیە کە لەو کۆلیژە فێری بووم کە تا هەتایە لە یادم ناچێت.

ویلز.. ئەو کاتەی کە ئەندێشەی زانستی دەبێت بە ڕاستی

نوسینی / مەی کەمالەدین

وەرگێڕان و ئامادەکردنی / هێور عەبدوڵا

هەربەرت ویلز ناوێکە لە جیهانی ئەدەبی ئینگلیزی ناوبانگی دیارە، کەسێك بوو لە زۆر بوار بەهرەمەند بوو ئەدیب و هزرمەند و کۆمەڵزان و مێژوونوس بوو، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەدەبی ئەندێشەی زانستی، ڕۆمانەکانیشی تەنیا لەبازنەی ئەو جۆرە ئەدەبە نەدەسوڕانەوە، بەڵکو بە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش بارگاویکراون.



هەربەرت جۆرج ویلز ڕۆژی ٢١ ی ئەیلولی ١٨٦٦ لە برۆملی هەرێمی کانتی هاتۆتەدونیا. لەسەرەتای ژیانی ناخۆشی زۆری چیشت، بەهۆی ئەو بارودۆخە ماددییە سەختەی بەسەر خانەوادەکەیان داهات ناچاربوو دەستبەرداری خوێندن بێت و لای کوتاڵفرۆشیك کاربکات، دواتر ناخۆشیەکانی ئەو ڕۆژگارەی لە ڕۆمانی (کیپس) دەربڕی. ئینجا توانی دریژە بەخوێندن بدات و لە شاری لەندەن لای (ت ه هاکسل)ی زانای بەناوبانگ، کۆمەڵزانی خوێنید و بەشداری لە بازنە زانستییەکان کرد و لە گۆڤارە زانستییەکانی زانکۆش دەبنوسی. هاوکات گرنگی بە چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان دات و مەیلیشی بەرەو هزری سۆشیالیستی بزوا، تا ساڵی ١٨٩٣ وانە وتەوە ئینجا بڕیاریدات خۆی بەتەواوی بۆ نوسین یەکلابکاتەوە. سەرەتا بە ڕۆمانی ئەندێشەیی دەستپێدرد، ساڵی ١٨٩٥ یەکەم ڕۆمانی بەناوی (ئامێری زەمەن) بڵاوکردەوە کە پێشوازی گەرمی لێکرا. بۆ ساڵی دواتر ڕۆمانێکی تری بەناوی (دورگەی دکتۆر مۆرۆ) بڵاوکردەوە کە تێیدا زانایەکی شێت هەوڵدەدات ئاژەڵەکان بکات بە مرۆڤ. ویلز لەسەر ئەو ڕێڕەوەی بەردەوام بوو و ساڵی ١٨٩٧ ڕۆمانی (پیاوی شاراوە) و ساڵی ١٨٩٨ ڕۆمانی (جەنگی جیهانییەکان) ی دەرکرد، کە لەمەی دوایی بونەوەری سەر هەسارەی مەریخ شاڵاو دەکەنە سەر زەوی. لە ڕۆمانی (یەکەم پیاوی سەر ڕووی مانگ) یش پیشبینی شێوازەکانی چوونە ناو بۆشایی ئاسمانی کردووە. پاش ئەو بەرهەمانە و سەرکەوتنی بەجێ، بڕیاریدا لەو ستایلەی ئەدەبە دەربچێت و کۆمەڵێك ڕۆمانی تر بنوسێ، تا ڕۆمانەکان (خۆشەویستی و لویشام) و (کیپس) و (ئان ڤیرۆنیکا) ی پیشکەش کرد. ساڵی ١٩٠١ پەرتووکی (پێشبینییەکان) ی بڵاوکردەوە کە لە وەشیاندا پێشبینی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٠ کردووە. بێگومان لە هەندێك پێشبینی سەرکەوتووبووە لەوانە بەرەوپێشچوونی ئوتۆمبیل و شەمەندەفەر و لەبارچوونی بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان و شکست هێنانی هێزی سەربازی ئەڵمانی و سەرهەڵدانی یەکێتی ئەوروپی. بەڵام لە هەندێك پێشبینی بەهەڵداچووبوو، لەوانە وەهای دەزانی تا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ فڕین و فڕۆکەوانی سەرکەوتوونابێت.

ویلز وەك مرۆڤێکی سۆشیالیستیخواز چیووە پاڵ کۆمەڵەی فابی لە لەندەن، بەڵام هێندەی پێنەچیوو لەگەڵ ڕابەرەکانی ئەو کۆمەڵەیە، لەوانە برناد شۆ نێوانی تێکچیوو. ئەو ئەزموونەی لە پەرتووکی (مایکاڤیلی نوێ) ڕەنگدەداتەوە کەتێبیدا وەسفی ئەندامانی کۆمەڵەی ناوبراوی کردووە. لە ساڵی ١٩١٣ کتێبی (جیهان ئازاد دەبێت) ی بڵاوکردەوە کە تێیدا مرۆڤ لە مەترسی جەنگەکان ئاگادارەدەکاتەوە و پێشبینی ڕوودانی جەنگێکی مسۆگەر و توانستی ئامادەکردنی بۆمبی گەردیلەیش کردووە، کە ئەو جۆرە بۆمبە دەتوانێت شارێکی تەواو وێران بکات. دەڵێن زانایان لەو پەرتووکە ببرۆکەی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمییان وەرگرتووە. ساڵی ١٩٢٠ پەرتوکێکی دوو بەرگی بەناوی (کورتەی مێژووی جیهان) بڵاوکردەوە، بەمەش بوو بە یەکەم کەس کە مێژوو بۆ هەموو خەڵکی بنووسێ، جا لەگەڵ ئەوەی ئەو کارەی بە فراوانی بڵاوبۆوە و کەسێکی وەك ئارنۆلد تۆینبی بەچاکترین پێشەکی بۆ بابەتی مێژوویی دانا، بەڵام مێژوونوسانی شارەزا ڕەخنەی زۆریان ئاراستە کرد.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٠ – ١٩٣٤ بە یارمەتی هەریەك لە جۆلیان هکسلی و جۆرج ڤیلیپ پەرتووکێکی دیکەی بەناوی (زانستەکانی ژیان) لە نۆ بەرگ بڵاوکردەوە، هەر لە ساڵی ١٩٣٤ گەشتنامەی خۆشی دەرکرد. دواتر تا ساڵی ١٩٤٦ سەرکردایەتی کۆمەڵەی پەرتووکی جیهانی PEN گرتە ئەستۆ. لە ساڵی ١٩٣٩ پەرتووکی (تیرۆری پیرۆز) ی بڵاوکردەوە. پاش مەرگەساتەکانی جەنگی دووەمی جیهان دوا پەرتووکی خستە بەردیدەی خوێنەران کە تێیدا ڕەشبینانە لە ئایندەی ئادەمیزادی ڕوانیوە. بەو جۆرە بەردەوامبوو تا لە ڕۆژی ١٣ ی ئابی ساڵی ١٩٤٦ کۆچیدوایی کرد.

جگە لەو بەرهەمانەی ناومان هێنان، ویلز چەندان پەرتووکی دیکەی جۆراو جۆری نوسیووە، لەوانە: (خۆراکی خوداوەند)، (جەنگ لە هەوادا)، (مێژووی میستەر بوللی)، (هاوسەرگیری)، (پشوو)، (گیانی مەتران) ..









وێڕای مەترسییەکانی کۆرۆنا، ئەمەریکا یادی 11ی سێپتەمبەر دەکاتەوە

١٩ ساڵ بەرلە ئێستا پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەر ڕوویاندا کە گەورەترین پەلاماری تیرۆریستی بوون لە مێژووی ئەمەریکادا و تەواوی ڕەوشی ئابووریی و سیاسیی جیهانی گۆڕی.ئەم پەلامارانە بوونە ڕێگاخۆشکەری لەشکرکێشی ئەمەریکا بۆسەر عێراق و ئەفغانستان.ئەمساڵ شانبەشانی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، یادی ١١ی سێپتەمبەر دەکرێتەوە کە ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی کوژرانی نزیکەی سێ هەزار کەس، بەڵام تا ئێستا زیاتر لە ١٩٠ هەزار کەس بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ پەتای کۆرۆنا بە شتێکی زۆر مەترسیدارتر لە پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەر وەسف دەکات و چین بە سەرچاوی ئەم پەتایە و دوژمنی نوێی وڵاتەکەی ناودەبات.زۆرێك لەو کەسانەشی شایەتحاڵەی ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر بوون پێیان وایە کۆرۆنا زۆر زیاتر لەو پەلاماڕە، ئابووری ئەمەریکای وێران کردووە.

لە 11ی سێپتەمبەری 2001 دا چی ڕوویدا؟

بەیانی ١١ی سێپتەمبەر لەڕێی دوو فڕۆکەی نەفەرهەڵگرەوە هێرشکرایە سەر دوو تاوەری بازرگانیی ئەمەریکا لە شاری نیویۆرك. ئەمەیش دوای ئەوە هات کە لەلایەن گرووپێك چەتەوە چوار فڕۆکەی نەفەرهەڵگر ڕفێندران. دوو لە فڕۆکەکان هەردوو تاوەری بازرگانیی نیویۆرك-یان کردە ئامانج، فڕۆکەیەکی دیکەشیان خۆی کێشا بە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پنتاگۆن).کۆتا فڕۆکەش لە ویلایەتی پێنسلڤانیا لەلایەن فڕۆکەکانی ئەمەریکا لە جۆری «١٦-F» خرایەخوار. بەهۆی ئەو زنجیرە پەلاماڕیشەوە دوو هەزار و ٩٧٧ کەس کوژران. دواتر ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە بەرپرسیاریەتی خۆی لە ئەنجامدانی پەلاماڕەکان ڕاگەیاند.

گۆڕانکارییەکانی جیهان دوای پەلاماڕەکانی 11ی سێپتەمبەر

ئەمەریکا لە یەکەم وەڵامدا بۆ پەلاماڕەکانی ١١ی سێپتەمبەر بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە، ئەفغانستان-ی کردە ئامانج.سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا، جۆرج بۆش بەهۆی ئەوەی تاڵیبان ڕەتی کردەوە سەرکردەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە، ئوسامە بن لادن ڕادەستی واشنتۆن بکات لە حەوتی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ دا لەشکرکێشی بۆ ئەفغانستان ئەنجامدا و ڕژێمی تاڵیبانی ڕووخاند.دواتر حامید کارزای دەسەڵاتی لە ئەفغانستان گرتەدەست کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕۆژئاوا هەبوو، بەڵام ئەم لەشکرکێشییە نەك هەر نەیووە هۆی لەناوبردنی تیرۆر، بەڵکو ئەفغانستان-ی کردە پەناگەیەکی ئارام بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، بەجۆرێك لە سەرەتای لەشکرکێشییەکەوە تا ئێستا زیاتر لە ٥٠ هەزار هاووڵاتی مەدەنی و دوو هەزار و ٤٠٠ سەربازی ئەمریکی کوژراون.

عێراق

دوابەدوای ئەفغانستان، عێراق بووە ئامانجی دووەمی ئەمەریکا.لە ٢٠ ی ئاداری ٢٠٠٣ دا ئەمەریکا هێرشی کردە سەر عێراق و حکوومەتی سەدام حسێن-ی ڕووخاند.دوای ئەم داگیرکارییەی ئەمەریکا، عێراق بووە مەیدانی پێکدادانی مەزهەبی و سەدان هەزار هاووڵاتی مەدەنی بەهۆیەوە کوژران، بریندار و بێسەروشوێن بوون.بەم شێوەیە عێراق بووە یەکێك لە ناڵۆزترین و نائارامترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لانەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان کە نوێترینیان ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بوو.

ڕەوشی جیهانی نوێ

دوای پەلاماڕەکانی ١١ی سێپتەمبەر نەك تەنها لە ئەمەریکا، بەڵکو لە تەواوی وڵاتانی جیهان ڕەوشی ئاسایشی نیشتمانیی گۆڕانی بەسەردا هات و وڵاتان بوودجەیەکی گەورەتریان بۆ لایەنی ئەمنی تەرخان کرد.

ئیدی نەك تەنها چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژ بەڵکو هەموو ئۆتۆمبێل، کەس و تەنانەت پاکەتێکی گومانلێکراو وەك هەڕەشەی تیرۆر لێکدانەوەی بۆ کرا. لە هەموو شوێنە گشتییەکان و بەتایبەت فڕۆکەخانەکاندا،ڕیۆشوێنی ئەمنی تووندتر گیرانەبەر بەمشێوەیە تێڕوانینێکی نوێ بۆ چەمکی ئاسایش هاتە ئاراوە.

پەیوەندی نێوان ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر و ئیسلامۆفۆبیا

ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر بووە هۆی دروستبوونی شەپۆلێکی گەورەی کینە و ناڕەزایەتی دژبە موسڵمانان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و قوڵبوونەوەی ئیسلامۆفۆبیا.بەتایبەت ئەم دیاردەیە لە قۆناغی دەسەڵات گرتنەدەستی دۆناڵد ترەمپ گەیشتە لووتکە، بەجۆرێك هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای دەسەڵاتیدا گەشتکردنی هاووڵاتییانی ژمارەیەك لە وڵاتە ئیسلامییەکانی بۆ ئەمەریکا قەدەغە کرد.



مانشێت

سکای نیوز:
وەزیری کاروباری ڕاگەیاندنی بەحرێن ڕایگەیاند ڕاگەیاندنی ئاشتی لە نێوان وڵاتەکەی و ئیسرائیل هەنگاوێکی گرنگە بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.



یۆرۆ نیوز:
لە دەستپێکی دانوستانی نێوان نوێنەرانی حکومەتی ئەفغانستان و بزووتنەوەی تالیبان کە لە قەتەر بەڕێوە دەچێ ، نوێنەری بزووتنەوەکە ڕایگەیاند دەبێ ئەفغانستان وڵاتێکی سەربەخۆ و ئیسلامی بێ.




ڕۆیتەرز:
نیکۆلاس مادۆرۆی سەرۆکی ڤەنزویلا ڕیگەیاند کە دەزگا ئەمنیەکان سیخوڕێکی ئەمەریکیان لە باکوری ڕۆژئاوای وڵات دەستگیر کردووە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
وەزارەتی تەندروستی ڕووسیا دەستی بە دابەشکردنی ڤاکسینی سپۆتنیك ڤی کرد، بڕیاریش وایە سەرەتا ئەوانە پێی بکوترێن کە زیاتر ڕووبەڕووی پەتاکە دەبنەوە.



کەنالی ئار تی:
لە ڕۆژهەڵاتی کۆلۆمبیا ، سوپای ئەو وڵاتە یەکێك لە سەرکردە باڵاکانی سوپای ئازادیخوازی نیشتمانی دەستگیر کرد.



فرانس 24:
ژمارەیەك سیاسەتمەداری فەرەنسی نیکۆلا سارکوزی سەرۆکی پێشووتری وڵاتیان بە کەسێکی ڕەگەزپەرست تۆمەتبار کرد.







گێژەڵووکەی تۆزوخۆڵ لە دووریی 1 ملیار و 400 ملیۆن کیلۆمەتر لە زەوییەوە!

لە میانەی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی ئەو داتاو وێنانەی کە کەشتی ئاسمانی پێشووتری (کاسینی) ڕەوانەی زەوی کردبۆوە دەرکەوت، کەوا (تایتان) ی پاشکۆی هەرە گەورەی هەسارەی (زوحەل) و دووەم گەورەترین پاشکۆکانی نێو سیستەمی خۆر دوای (جانیمید) ی پاشکۆی (موشتەری) یە.

بۆ یەکەمجار لە 1655.3.25 لەلایەن (کریستیان هایگنز) ەوە دۆزرایەوە تیرەی 5 هەزارو 149 کیلۆمەترو 500 مەترە، لەماوەی 15 ڕۆژا خولێك بە دەوری هەسارەی (زوحەل) دا تەواو دەکات و خاوەن بەرگە هەوای تایبەت بە خۆیەتی، وە نێوەندی پلەی گەرمیی لە ڕووکەی دەگاتە 179.5 پلە لە ژێر سفری سیلیزیی و نێستا دەرکەوت کەوا دیاردەی گێژەڵووکەی تۆزوخۆڵ لەسەر ڕوویدا هەیەو بەمەش ئەم تەنە ئاسمانییە هەرە سەرنجڕاکێشەی نێو سیستەمی خۆر بووە سێیەم تەنی ئاسمانی دوای (زەوی) و (مەریخ) کە ئەمجۆرە دیاردەیەی لەسەر ڕوویدا سەرهەڵدەدات.

داتایەکان و شیکردنەوەکانیان دەریانخست کەوا ئەم سیستەمە گێژەڵووکیانەی (تایتان) لەناوچەی کەمەریی (ئستوائی) یدا ڕووەدات و تەواوی ئەو دۆزینەوەیەش لەنێو گۆڤاری (Nature Geoscience) دا بڵاوکراوەتەوە.

" بەڕاستی پاشکۆیەکی یەگجار زۆر چالاکە، وە دەریشی خست کەوا جیۆلۆجیاو خولی پێکهاتەی (هایدرۆکاربۆن) زۆر نامۆیە لەسەر ڕووی ئەو پاشکۆیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لەو خاڵەدا لە زەوی و مەریخ دەچێت کاتێك خاوەنی خولێکی گێژەڵووکەییەو تیایدا تەوژمی با (تۆزوخۆڵی ئەندامیی) لەنێو تەپۆلکە لمییە مەزنەکانی نێو ناوچەی کەمەریی (تایتان) دا هەڵدەگرێ و دەیکاتە گێژەڵووکە"، لە زاری (سیباستیان ڕۆدریگێز) پسپۆڕی فەلەکناسی لە (زانکۆی پاریس) و نووسەری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە.


لە نێوان (زەوی و تایتان) دا جیاوازییەك هەیە، ئەویش ئەوەیە کەوا لەسەر هەسارەکەماندا ئاو لە دۆخی شلیدا لەنێو زەریاو دەریاو دەریاچەکاندا هەیە و تیشکی خۆر دەیکاتە هەڵم، بەڵام لەسەر ڕووی (تایتان) دا ئاو نییە بەڵکو شلەیەکی دیکە هەیە ئەویش (هایدرۆکاربۆن) و هەروەها (Methane) و (Ethane) کە دوای بەهەڵمبوونیان بەرز دەبنەوە ئاسمانی (تایتان) و پاشان چڕدەبنەوەو لە کۆتاییدا لەسەر شێوەی (باران) لەسەر ڕوویدا دەباڕێت، واتە نەوەك بارانی ئاو بەڵکو هایدرۆکاربۆنیی، چونکە کاتێك تیشکی خۆر ناوچەکانی هێڵی کەمەریی (تایتان) گەرمتر دەکات بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکە، ئەوا بارستەی هەوری هەایدرۆکاربۆنیی مەزن دروست دەبێت و دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گێژەڵووکەی زۆر بەهێزو توندو هەر ئەو دیاردانەش لەمیانەی چەندین جار فرینی پێشووتری کەشتی (کاسینی) دا بینرابوو.

بە بەکارهێنانی تیشکی ژێرەوەی سوورو بە سوود وەرگرتن لەو دیمەنانەی کە کەشتی پێشووتری ئاسمانی (کاسینی) لە ساڵی 2009 دا ڕەوانەی کردبۆوە، تیمی (ڕۆدریگێز) توانی سێ ناوچەی زۆر گەش لەناوچەی کەمەریی (تایتان) دا ببینێ، وە ئەو کاتە وایانزانیبوو کە هەمان جۆرە هەورەکانی هایدرۆکاربۆنی ڕووی (تایتان) ە، بەڵام لەدواییدا بۆیان دەرکەوت کەوا ئەمە هەرو نەبووە بەڵکو گێژەڵووکەی تۆزوخۆڵیی بووە.

لێکۆڵەران توانیان تەواوی ئەگەرەکانی وەك (بارانی سەهۆڵیی) یاخود چالاکیی گرکانی کە ناسراوە بە فرەدانی سەهۆڵ لەجیاتی گرتاوی بەردە تواوەکان، چونکە ئەم دووجۆرە چالاکییە دەبوایە بۆماوەیەکی درێژ لەئاسمانی (تایتان) دا مابوونەتەوە، بەڵام ئەم سێ ناوچە بریقەدارانە بۆماوەی نێوان 11 کاتژمێر تا 5 هەفتە لە ئاسماندا مابوونەتەوە، کە ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ماوەی مانەوەی هەورە سەهۆڵی و بارانە سەهۆڵییەکانی ئەو پاشکۆیەدا زۆر کورتن. لەلایەکی دیکەوە گرتەو لێکۆڵینەوەکان ئەوەشیان دەرخست کەوا ئەگەر ئەو سێ ناوچە بریقەدارانە هەوری سەهۆڵیی بووبن ئەوا دەبوایە لە چینە بەرزەکانی بەرگە هەوای (تایتان) دا بن، بەڵام ڕوانگەکردن و دەرئەنجامەکانیان دەریانخست کەوا ئەو سێ بارستەیە لە ڕووی پاشکۆیەکەدا نزیکتر بوون و لە چینێکی تەنکی خاوەن تەنۆچکەی زۆر ورد پێکهاتبوون و گشتیان لەناوچەی دەوروبەری ڕووبەرە لمییەکانی ناوچەی کەمەریدا گڵ ببوونەوە، کەواتە ئەوەی بینرابوو بریتی بوو لە (هەوری تۆزوخۆڵی ئەندامیی) ی بەرزبووەوە لە تەپۆلکە لمییەکانی ئەو پاشکۆیەدا.

جێگای ئاماژەیە کەوا ماوەی نێوان زەوی و تایتان دەگاتە 1 ملیارو 400 ملیۆن کیلۆمەترو تیرەی 5151 کیلۆمەترەو پلەی گەرمیی ڕووەکەی 179.5 پلە لە ژێر سفری سیلیزییەو بە مەودای 1 ملیۆن و 221 هەزارو 870 کیلۆمەتر لە هەسارەی (زوحەل) ەوە دووەم، هەروەها بە ماوەی نزیکەی 16 ڕۆژ خولێك بەدەوریدا تەواو دەکات و خاوەن بەرگە هەوایەکی تایبەت بەخۆیەتی کە پێکهاتووە لە (نایترۆجین و میتان و هایدرۆجین).

سروشتی مادە سەوزە سەرسوڕهێنەرەکەی ڕووی مانگ ئاشکراکرا!



دوای ئەوەی بۆماوەی ساڵێك سەری لە زانایان سوڕماند، بەم دواییە زانایانی (چین) توانیان پەردە لەسەر نهێنی ئەو مادە سەوزە نامۆیە بدەن کەلە میانەی گەشتی کەشتی نیشتنەوەیی (U2) ی چینی لەسەر ڕووی مانگدا بینرابوو.

پسپۆڕان بۆ یەکەمجار لەنێو یەکێ لە گرتەکانی کەشتییەکە کە لە (لای دوور – FAR SIDE) و لە نزیك چاڵی نەیزەکیی (قۆن کارمان) دا وەریگرتبوو، بارستەیەکی شێوە جلاتینی ڕەنگ سەوزیان لە نێو دیواری ناوەوەی چاڵەکەدا بینییوو بە تەواوی جیاواز بوو لەگەڵ سروشتی خاك و خۆڵ و بەردی دەوروبەری خۆی، بەڵام دوای شیکردنەوەی وێنەکان، پسپۆڕانی (چین) ڕایانگەیاند کەوا ئەو بارستە مادەیە (جلاتین) ی واتە شل نییە، بە پێچەوانەوە، زۆر ڕەقەو بریتییە لە تێکەڵەیەکی کانزایی و شووشەیی کە لە دەرەنجامی بەرکەوتنێکی نەیزەکیی زۆر بەهێزەو بەرزەبوونەوەیەکی یەگجار زۆری پلەی گەرما و توانەوەی بارستەیەکی زۆر نەیزەکەوەو خاك و خۆڵی شوێنەکەدا دروستبووە.

ئەگەرچی لە زووەوە هەندێ لە پسپۆڕان پێشبینیان کردبوو کەوا ڕەنگە ئەم مادەیە لە دەرەنجامی چالاکیی گرکانیی مانگەوە هاتبێتەوە ئاراوە، بەڵام پسپۆڕانی (چین) ی ئەم پێشبینییەیان بە دووڕخستەوەو ڕوونیان کردەوە کەوا بەدرێژایی 3 ملیار ساڵی ڕابردوودا، مانگ هیچ جۆرە چالاکییەکی گرکانی بەخۆیەوە نەبینیوە.


فەلەکناسێك (10)یەم کلکداری خستە نێو لیستی دۆزراوەکانی خۆیدا

(گینادی بۆریسۆف) ی ئارەزوومەندی فەلەکناسی ڕووسی و دانیشتووی هەرێمی (قەرەم) توانی کلکدارێکی نوێ بدۆزێتەوەو خستییە سەر لیستی ئەو 9 کلکدارانە پێشتر کە بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی ڕوانگەکردنی خۆیدا دۆزیبوویانەوە.

لە لێدوانێکی بۆ ئاژانسی (تاس) ی ڕووسی (بۆریسۆف) ڕایگەیاند کەوا بە پێی پێشبینییەکان ڕەنگە ئەو کلکدارە لە پاییزی داهاتوو لەنێو تلسکۆپێکی مام ناوەندی ئاساییدا ببینرێ.

وەك نەریتێك و مافێکیش، (یەکێتی فەلەکناسیی نێودەوڵەتیی) ناوی ئەو کلکدارەی نا (بۆریسۆف) وەك ڕێزێك و پێزانینێك بۆ هەوڵ و کۆششەکانی ئەودا، وە بێگومان هەمان نەریت لەگەڵ هەر کەسێك دەکرێت کە بۆ یەکەمجار تەنێکی ئاسمانیی دەدۆزێتەوە کە پێشتر بەهیچ شێوەیەك نەبینرابێت.

جێگای ئاماژەیە کەوا یەکەم کلکدار کە لە ڕێگەی (بۆریسۆف) ەوە دۆزرایەوە لە ساڵی 2013 بوو و لە ساڵی 2019 و بۆ یەکەمجار یەکەمین کلکداری دۆزییەوە کە لە دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی پسپۆڕانی فەلەکناسییەوە دەرکەوت لە دەرەوەی سنووری سیستەمی خۆرەوە هاتووەو تەواوی ئەو کلکدارانە بە ناوی ئەوەوە کراون و بە جیاکردنەوەیان، زانایان ژمارەی زنجیرەیی دەخەنە پاڵ ناوی (بۆریسۆف).



پێشبینییەکی دیکەی (ئاینشتاین) بە بەڵگە سەلمێنرا

تیمێك لە پسپۆڕانی فەلەکناسی دوای ڕوانگەکردنێکی قووڵ بۆ چەند ئەستێرەیەکی نێو گەلەستێرەمان (ڕێی کاکێشان)، بۆیەکەم جارە پشتڕاستی دەکەنەوە ئەوەی (ئاینشتاین) پێشبینی بۆ کردبوو بۆ جوولەی ئەستێرەکان لە نزیك کونە ڕەشەکان (Black Holes) ڕاستە.

100 ساڵ لەمەوبەر (ئاینشتاین) لە بیردۆزی ڕێژەییدا باسی لەوە کردووە، کە « ئەو تیشکەی لە ئەستێرەکانەوە بڵاودەبێتەوە، بەهۆی هێزی کێشکردنی بەهێزی (کونە ڕەشەکان) دڕێژەدەبێتەوە بۆ شەپۆلی دڕێژتر، بەمەش ئەستێرەکە بە ڕەنگێکی سوورباو خۆی دەنوێنێت و ئەم دەرکەوتە بە «سوورباوونی لادانی هێزی کێشکردن» ناسراوە.


«بۆ یەکەم جارە توانیمان ڕاستەوخۆ لەسەر بیردۆزی ڕێژەیی (ئاینشتاین) لەنزیك کونێکی ڕەشی زەبەلاح تاقیکردنەوە بکەین»، لە زاری (فرانك ئایزنهاوەر) زانای فەلەکناس لە پەیانگای «ماکس بلانك» بۆ فیزیای گەردوون. هەروەها گوتی: «لەسەردەمی ئاینشتاین نەماندەتوانی بیری لێبکەینەوە یاخود تەنانەت خەون ببینین بەوەی لە ئەمڕۆدا بینیمان».

26 ساڵ لەمەوبەر تیمێك لە زانایانی (ڕوانگەی فەلەکی ئەوروپی) بە تلسکۆپێکی گەورە لەنزیك کونی ڕەشی ناوجەرگەی گەلەستێرەماندا دەستیان بەچاودێری جوولەی ئەستێرەکانیان کردووە کە بە مەودای 26 هەزار ساڵی تیشکی لەزەوییەوە دوورەو بارستاییەکەی 4 ملیۆن جار لە خۆر گەورەترە.

فەلەکناسان ئەستێرەی ناسراو بە (S2) یان هەڵبژاردوە بۆ چاودێری لەنزیك کونە ڕەشەکە، لەبەرئەوەی خولگەی بە 16 ساڵ تەواو دەکات و گەیشتبوونە ئەو دەرەنجامەی کە لەساڵی 2018دا دەگاتەوە نزیك خاڵ لەو کونە ڕەشەدا.

لە کۆتاییدا پسپۆڕانی فەلەکناسی بۆیان دەرکەوت کەوا خێرایی تێپەڕبوونی ئەو ئەستێرەیە زیاتر لە 25 ملیۆن کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا کاتێك لە کونە ڕەشەکە نزیك دەبێتەوە.

« درێژی شەپۆلی تیشکی ئەستێرەکە کشاوە لەکاتێکدا ویستوێەتی لە هێزی کێشکردنی کونە ڕەشە زەبەلاحەکە دەربچێت، ئەمەش بۆتە هۆی گۆڕانی ڕەنگی لە شینەوە بۆ سووربا»، ئەمەش لە زاری (ئۆدێل سترۆب) لە (ڕوانگەی فەلەکی پاریس).



ئانسو فاتی تووشی پێکان بوو

یانەی بەرشلۆنە پێکانی ئانسو فاتی ڕاگەیاند کە ڕۆژی هەینی لە کاتی ڕاهێنانەکاندا دووچاری بووە. بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی بەرشلۆنە، پاریزانە لاوەکە تووشی کوتران و خوێنتێزان بووە لە جوومگەی سێپەندەیدا. هێرشبەرە تەمەن 17 ساڵانەکە بەهۆی ئەو پێکانەوە نەیتوانی بۆ یارییە دۆستانەکەی دوێنێ بەرامبەر یانەی خیمناستیکا ئامادە بێت. فاتی ئەم هەفتەیە گەڕایەوە بۆ بەرشلۆنە دوای یاری کردن بۆ هەبژاردەکەی لە میانی یارییەکانی خولی نەتەوەکانی ئەورووپا.



نازم شاکر بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانی لەدەست دا

ڕۆژی هەینی لە هەولێر نازم شاکری یاریزان و ڕاهێنەری بەتوبانگی عێراقی، بە هۆی تووشبوونی بە کۆرۆنا گیانی لەدەست دا.

نازم شاکری یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق و ڕاهێنەری پێشووی یانەی هەولێر، بەهۆی تووشبوونی بە کۆرۆنا، کە پێش دوو هەفتە تووشی بیوو، دوای تێپەڕینی ئەوماوەیە بەباڕێکی تەندروستی ناچێگیردا، دواجار ڕۆژی هەینی لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر گیانی لەدەست دا.

نازم شاکر سێیەم ئەستێرەی عێراقییە لەدوای ئەحمەد ڕازی گیان لەدەست بدات و تەواوی شەقامی وەرزشی عێراقی پێخەمبار بێت. شایەنی باسە ئەو ماوەیەی نازم شاکری کۆچکردوو تووشی کۆرۆنا بیوو لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هەولێرەوە هەوڵی زۆردرا بۆ ڕزگارکردنی بە دابینکردنی نەخۆشخانەو تیمی پزیشکی شارەزا، بەڵام دواجار ئەو ئەستێرەیەی دنیای تۆپی پێ، ماڵئاوایی کرد و گیانی سپارد.

یانەی قوە جەوییەی عێراقیش وەک ڕێزێک بۆ نازم شاکر بڕیاریدا درێسی ژمارە 4 لە یانەکەی هەڵبگرێت و نەدرێت بە هیچ یاریزانێک کە پێشتر یاریزان و ڕاهێنەری یانەکە بوو.



یانەی هەولێر هاوخەمی بۆ کۆچی دوایی کاپتن نازم شاکر دەردەبڕێت

بەناوی سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێری یانەی هەولێر پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ڕاستەی خانەوادەی وەرزشی کوردستان و عێراق دەکەین بەهۆی کۆچی دوایی کردنی کاپتن (نازم شاکر) یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق و ڕاهێنەری پێشووی یانەی هەولێر. کاپتن (نازم شاکر) خزمەتێکی زۆری یانەی وەرزشی هەولێری کرد و چەندین جار ڕاهێنەری یانەکە بوو و گرنکترین دەستکەوتی لەگەڵ یانەی هەولێر بەدەستهێنانی پلەی سێیەمی خولی نایابی عێراق و بەشداری پاڵەوانێتی یانەکانی عەرەبی کرد.

لە خوای گەورە دەپارێنەوە خوالێخۆشبی جێگەی بەهەشتی بەرین بێت.

انا لله و انا اليه راجعون

یانەی وەرزشی هەولێر



کام ڕاهێنەر زۆرترین پارەی لە کڕینی یاریزانانداا خەرجکردووە؟

کام ڕاهێنەر زۆرترین پارەی لە کڕینی یاریزانانداا خەرجکردووە؟

گۆڤاری فۆربسی ئەمریکی، کە گۆڤارێکی تایبەتە بە ئابووری و داهاتی کەسە بەناوبانگەکان، لە ڕاپۆرتێکیدا لە بارەی ئابووریی‌یەکانی تۆپی پێ، باسی لەو ڕاهێنەرانەی جیهان کردووە، کە زۆرترین بڕە پارەیان لە کڕینی یاریزانان، لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانانداا خەرجکردووە، لە سەرەتای هەزارەی دووەمەوە تاکو هاوینی 2020. بە گوێرەی ڕاپۆرتی گۆڤارەکەوە، ڕاهێنەری پورتوگالی، جۆزێ مۆرینیۆ، ڕاهێنەری یانەکانی پۆرتۆی پورتوگالی، چێلسی ئینگلیزی، ئینتەرمیلانی ئیتاڵی، ریال مەدریدی ئیسپانی، مانچستەر یونایتد و تۆتنهامی ئینگلیزی، زۆرترین بڕە پارەی لە دەستەواڕەی یاریزانان خەرجکردووە، کە بڕەکەی زیاتر لە یەک ملیار یۆرۆیە. ریزبەندی ڕاهێنەرەکانیش بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

1 ـ جۆزێ مۆرینیۆ -پورتوگال- (99 یاریزان) بە بەهای (1.63) ملیار یۆرۆ.

2 ـ پیپ گواردیۆلا- ئیسپانیا- (61 یاریزان) بە بەهای (1.33) ملیار یۆرۆ.

3 ـ کارلۆ ئەنچیلۆتی- ئیتاڵیا- (81 یاریزان) بە بەهای (1.29) ملیار یۆرۆ.

4ـ مانوێل پیلیگرینی- چیلی- (86 یاریزان) بە بەهای (1.13) ملیار یۆرۆ.

5 ـ ماسیمیلیانۆ ئەلیگری- ئیتاڵیا- (95 یاریزان) بە بەهای (1.06) ملیار یۆرۆ.

ڕەمزی میرەکانی

نەیمار کۆڕۆنای تێپەڕاند

نەیمار داسیلڤا، ئەستێرەی یانەی پاریس سانجێرمان ڤایرۆسی کۆرۆنای تێپەڕاند و دەگەڕێتەوە نێو مەشقەکانی یانەکەی.

ئەستێرە بەرازیلییەکە لە تویتێکدا ڕایگەیاند، نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نەماوە و دڵخۆشە بە گەڕانەوە بۆ ڕاهێنان، لەکاتێکدا 11 ڕۆژ لەمەوبەر یانەی پاریس سانجێرمان تووشبوونی ئەو یاریزانەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند.

نەیمار لەگەڵ 6 یاریزانی دیکەی پاریس سانجێرمان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، بەو هۆیەوە بەشداریان لە یەکەم یاریی یانەکەیاندا لە خولی فەرەنسا نەکرد، کە بە گۆڵێکی بێبەرامبەر لە سەر دەستی یانەی لانس تووشی شکستبوون.

پاریس سانجێرمان یاریی گەڕی یەکەمی خولی فەرەنسای بۆ دواخرا و وەرزی نوێی لە گەڕی دووەمەوە دەستپێکرد، بەڵام کاریگەریی کۆرۆنا بە یانەکەوە دیاربوو و بەهۆی یاریی نەکردنی 11 یاریزانی یانەکە بەهۆی کۆرۆنا و پێکانەوە، یانەکە یەکەم سێ خاڵی لەدەستدا.





کومان: مێسی باشترینی جیهانە



ڕونالد کومان، ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی باسی ئەفسانەی یانەکە لیۆنێل میسی و خۆ ئامادەکاریەکانیان دەکات بۆ وەرزی نوێ.

لە چاوپێکەوتنیدا بۆ کەناڵە فەرمییەکانی یانەکە ڕاهێنەرە هۆڵەندیەکە وتی: لیۆنێل مێسی باشترینی جیهانە ،ئەو گرنگیەکی زۆری هەیە لە یانەکە، پێشتر چەندین جار ئەوەی سەلماندووە و هێوادارم ئەم وەرزەش دووبارەی بکاتەوە. هەروەها وتیشی؛ ئەوەی لە ڕاهێنانەکان دەیبینم ئەوەیە کە هەموان تەواوی توانای خۆیان پێشکەش دەکەن و هەوڵ دەدەن بینە باشترینی خۆیان، من زۆر دڵخۆشم بەوەی یانەکەم دەیکات لە ئێستادا هەموان گەشبینن، بە ڕاهێنانی جەستەی دەستمان پێکرد و ئێستا کاتی تاکتیکە.

ماسك بەستن
خەبات XEBAT
Sun. 13 Sep. 2020 No.:(6003)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616





حاجی ئۆمەران - باڵەکایەتی . بارەگای بارزانیی نەمر لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا

کوردستان دیالۆگ لەکوردستان بێجیاوازی خزمەت بەنووسەران و ڕۆشنبیران دەکات


ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ مۆمی یەک ساڵەی لە پایتەختی ڕۆشنبیری سلێمانی داگیرسان





خەبات . ساسان دەرویش

ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ ، ڕێکخراوێکی کولتوریە ، کار دەکات بۆ هێنانەدی زەمینەی گفتوگۆ و دیالۆگی نیشتیمانی ، کە ساڵێك لەمەوبەر لەنێو هەناوی پایتەختی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی لەسەر دەستی کۆمەڵێك گەنجی ڕۆشنبیرو خاون بیری جوانی کوردایەتی بۆ پشتیوانیکردن لە خاوەن قەڵەم و بەرهەمەکانیان و بەرز ڕاگرتنی بەها نەتەوەی و نیشتیمانیەکانمان خۆیان خزاندە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان و خەرمانێك بەرهەم وکاری جوانیان بەو شارە گەیاند ، بەمەش پەرتوك و قەلەم و خوێنەریان لەیەك نزیك کردەوە کە بەهۆی پرس و ڕووداوەکانی کوردستان دوورکەوتبوونەوە لەیەکترلە چەقێکی بەستوودا بەهەوڵ وتواناکانیان توانیان لەژێر چەتری ئەم ڕێکخراوە کۆبکەنەوەو سەکۆیەکی ئازاد پرەخسێنن ، بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم ڕێکخراوە و بەڕێوەچوونی سەربەست مەنمی سەرۆکی ڕیکخراوەمان بۆ خەبات دواند :



خزمەت و چاکەی گشتی بکەینە دروشمی کاری ڕێکخراوەیان سەرەتا سەربەست مەنمی باسی لە بیرۆکەی ئەم ڕێکخراوە ولەدایکبوونی و سەرچاوەگرتنی ناوەکەی و بۆکەی و کێ وپشتگیرکردنی کردوە گوتی : ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ لە 1ای ئەیلوولی 2020 دامەزراند ، بە دروشمی (خەونی گەورە و چالاکی بەردەوام) ، ئێمە وەك ڕێکخراوێکی باکگراوند نەتەوەی و نیشتیمانی کۆمەڵێك ئامانجی گەورە و مرۆڤدۆستانەمان هەیە ، لە خزمەتکردن بە جۆاتی کوردی ، هەربۆیە لە ماوەی ساڵێکی کارکردنماندا زنجیرەیەك چالاکی ڕۆشنبیری وکولتوریان ئەنجامدا ، بە بەشداری نووسەران و هونەرمەندان و ئەدیبانی کوردستان ، هەوڵماندا و هەوڵدەدین جیاوازییەکان کۆبکەینەوە و خزمەت و چاکەی گشتی بکەینە دروشمی کاری ڕێکخراوەیان .

بۆ ئێمە گرنگبوو هاوبەشی دەستە بژێرێك بکەین


پاشان سەربەست مەنمی تیشکی خستە سەر ئامادەگی نووسەران وخۆ دۆزینەوەیان لەم سەکۆیەدا گوتی : ئەو ڕۆشنبیرو هونەرمەند و نووسەر و ئەدیبانەی ئێمە هاوبەشیانکردون بۆمان گرنگ نەبووە سەر بە کامە ئایین و ئایدۆلۆژیا و ناوچە و ڕەگەزن ، بۆ ئێمە گرنگبوو هاوبەشی دەستە بژێرێك بکەین کە بەها نەتەوەی و نیشتمانیەکان بەرز ڕابگرن و بەرهەمەکانیان لە خزمەت چاکەی گشتی کۆمەڵگای کوردستان ومرۆڤایەتیدابێت .

ئێمە کۆمەڵێك لاوی نەتەوەین


هەروەها سەربەست مەنمی ناو ئامانجەکانی بەم شێوەیە ڕاگەیاند: ناومان نا (کوردستان دیالۆگ) لەبەر ئەوەی ئێمە کۆمەڵێك گەنجی نەتەوەین و کار دەکەین بۆ زیندو ڕاگرتنی خەون وئامانجی سەربەخۆیی کوردستان ، دیالۆگیش چەمکێکی هاوچەرخە ، کە دەمانەوێت لە ڕێگەی دیالۆك وگفتوگۆوە کۆمەڵگای کوردی کۆسپەکان تێپەڕێنین و بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و هاوچەرخ هەنگاوی خێرا هەڵبگرین .

بەهەناسەیەکی کوردستانیەوە دەستمان بەچالاکی مەدەنیکرد

لە کۆتایشدا سەربەست مەنمی ئاماژەیەکی کورتی بە کار وهەنگاوەکانیانی کردوگوتی : لە ماوەی ساڵێکی کارکردنماندا 25 پرۆژە و چالاکیمان ئەنجامداوە ، لە سلێمانی و هەولێری پایتەخت و هەڵبجەی شەهید ، یەکێك لە پرەنسیپە سەرەکیەکانمان ئەوەبوو خۆمان بە ناوچەیەکی دیاریکراوە وە گرێ نەدەین ، بەهەناسەیەکی کوردستانیەوە دەستمان بەچالاکی مەدەنیکرد، ڕاستە ئێمە ئۆفیسی سەرەکیمان لە سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستانە ، بەڵام سنوری کارمان تەواوی خاکی کوردستانە ، وە لە بەرنامەماندایە لە زۆرینەی شارو شارۆچکە و ناوەدانیەکانی کوردستان چالاکی ئەنجام بدەین .



لەسلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری هونەرمەند عەتا چاوشین لادرا



هێمن ئاری

وەک وەفاو ڕێز لێنانێك بۆ لەدەستدانی هونەرمەند عەتا چاوشین کەبەهۆی تووشبوونی بە کۆرۆناوە گیانی لەدەستدا . چوارشەممەی ڕابردوو ڕێککەوتی 9_9 بەسپۆنسەری کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت و کەسایەتی دڵسۆزی شاری سلێمانی کەریمی ئەلەکەی سەردەم دکتۆر تەها ڕەسوڵ مەراسیمی پەردە لادان لەسەر پەیکەری هونەرمەند عەتا چاوشین بەڕێوەچوو، هەروەها لەگەڵ ناونانی باخچەیەک بە ناوی کۆڕە خۆشەویستەکەی هەمووان عەتا چاوشینەوە لەشاری سلێمانی ناونرا. لەم مەڕاسیمەدا ژمارەیەکی بەرچاو لەهونەرمەند و دۆست و هاوڕێیانی هونەرمەندی کۆچکردوو عەتا چاوشین ئامادەبوون. بەم بۆنەیەوە بۆیە کەمین جار بەرهەمێکی بڵاو نەکراوەی هونەرمەند پێشکەشی ئامادەبووان کرا وەک نیشانەیەی وەفاداری بۆهونەرو هونەرمەندان.

گۆڕانکارییەکی نوێ لە پلاکە زیرەکەکان



سەردەمی بە دیجیتاڵی بوونی ئامێرەکانە، سەردەمی گواستنەوەی ئینتەرنێتە بۆ کەلوپەلەکان، لە داهاتوویەکی نزیکدا بەهۆی پلاکە زیرەکەکان گۆڕانکاری نوێ لە سیستەمی ئامێرە کارەباییەکاندا ڕوو دەدا. پێویست ناکا هەستی تەلەڤزیۆنەکە لە پلاکەوە بکوژێنەوە، یان سەلاجە و مووبەریدەکە پێبکەیەوە. هەر لەسەر مۆبایلەکەی خۆت دەتوانی کۆنترۆڵی گشت ئامێرەکان بکەی..

ئامێری (Echo flex) کە لەلایەن ئامازۆنەوە بەرهەم هاتووە، لە پلاکی کارەبا دەخرێ و دەکرێ هەم لەریگای مۆبایلەوە و هەم بەدەنگی خۆت فەرمان بە هەڵبوون و کوژانەوەی ئامێرەکان بکەی. ئەرکی ئامێرەکە هەر ئەوە نییە کۆنترۆڵی ئامێرەکان بکا، بەڵکو دەتوانێت تەو ئامێرانەی پێویستیان بە بارگاوی کردن (شحن) هەیە، بارگاویان بکا. جگەلەوەش سپیکەرێکی تایبەتی تێدایە دەتوانێ لەگەڵ مۆبایلەکەی خۆت پەیوەندی بدەی.

بەکارهێنانی خۆراکی قوتوبەندکراو مەترسی تووشبوون بە هەوکردنی کۆڵۆن زیاتر دەکات



هەردەوان:

توێژینەوەکانی کۆمەڵێك پسپۆر لە هەردوو زانکۆی نیویۆرك و میشیگان لە ئەمریکا دەریانخستووە کە دانانی پەنجەمۆر لەجیاتی وشەی نهێنی بۆ کردنەوەی مۆبایل کارێکی مەترسیدارە. ئەو پسپۆرانە ئاماژەیان بەوە کردووە، ئەو پەنجەمۆرە بە چەند تەکنیکێك دەکرێت ساختەبکرێت و زانیارییە تایبەتییەکانی خاوەنی مۆبایلەکەی لێ دەربهێنرێت.

لەمبارەیەوە پسپۆران لەو توێژینەوەیەدا توانییان لەریگەی لاساییکردنەوەی پەنجەمۆری ڕاستییەوە، لە ٦٥% ی ئەو پەنجەمۆرانە وەك خۆیان دەربێنن و مۆبایلەکەی پێبکەنەوە. هەروەها شارەزایانی بواری ئاسایش ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە هەرچەندە ئەم ڕێژەیە لە ژیانی ڕاستیدا کەمترە، بەڵام دیسان مەترسی لەسەر دەستکەوتنی زانیاری بەشێوەیەکی نایاسایی زیادەکات. ئاندی ئادلەر مامۆستای سیستمی کۆمپیوتەرە لە زانکۆی کارلتن لە کەنەدا دەڵێت کە ئەستەمە پەنجەمۆر ساختەبکرێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە سکانی پەنجەمۆری سەر مۆبایلەکە هێندە بچوکە کە نەتوانێت تەواوی شوێن پەنجەکە سکان بکات، بەمجۆرەش دەکرێت ئەو بەشەی کە سکانکراوە ساختەبکرێت.

ئەنجامی توێژینەوەنو ێیەکان پیشانی داوە کە بەکارهێنانی خۆراکە ئامادەکراوەکان یا قوتووبەندەکان مەترسی تووشبوون بە هەوکردنی کۆڵۆن زیاتر دەکەن .نەخۆشی هەوکردنی کۆڵۆن بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی کێشەو ئاڵۆزی کۆئەندامی هەرسکردن .

ڕاپۆرتی ماڵپەڕی بیزنیس ستاندارد» بیسفنۆل» بی پی ئەی ، مادەیەکی کیمیایی تێکدەری غووەی نێوخۆییەکانە کە لە زۆربەی مادەە قوتووبەندەکان بوتڵی ئاو و خواردنەوەکان بوونی هەیە و هۆکارە بۆ گەشەکردنی بەکتریا زیانبەخشەکان.

فاکتەرێکی پر مەترسییە ئەو بواوە، هۆرموونی ئیسترۆژنە کە دەبێتە هۆی مەترسی هەوکردنی کۆڵۆن و بی پی ئەی . کە دەبێتە هۆی گۆرانکاری میکرۆبەکانی نێو کۆڵۆن وەك میکرۆبیۆم و لە نێو تووشبووان بە نەخۆشی هەوکردنی کۆڵۆن . هەروەها کەوتنە ژێر کاریگەری بی پی ئەی دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی چەندین جۆر ئەو پێکهاتیە کە بە هۆکاری هەوکردنی کۆڵۆن هەژمار دەکرێ.

